دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٦١، چوارشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی نۆڤامبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

■ پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزب، بەبۆنەی کۆچی دوایی«حەمید دەروێش»ـەوە ٢

■ ناوەندی هاوکاری: ڕێز بۆ تێکۆشان و هەڵوێستی خەڵکی کوردستانی ئێران ٢

■ شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی «مێرید»ـدا بەشداریی کرد ٣




گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیم ... ٤



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٦



ژنی کورد لە نێو دۆزەخی پیاوسالاریدا ٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

# پێشێلکاریی قۆناخی چوارەم




تەلەفزیۆنی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ لەسەر زاری بێهرووز کەماڵوەندی وتەبێژی ڕێکخراوی وزەی ناوکی ڕێژیم ئاشکرای کرد کە ئۆپەراسیۆنی دانی گاز بە سانتریفیوژەکان لە فۆردۆ دەستی پێکرد؛ ئەم هەنگاوە نوێیەی ئێران لە ڕاستای قۆناغی چوارەمی پێشێلکردنی پێبەندییە ناوکییەکانی ئێران لە چوارچێوەی بەرجامە.

ئێران پێشتر بەڵێنی دابوو کە سایتی فۆردۆ تەنیا وەک « ناوەندێکی تێکنۆلۆژی و فیزیکی ناوکی» بەکار ببات بەڵام بەم پێشلێکاریە نوێیە کە حەسەن ڕوحانی وەک سەرکەوتنێکی نوێ وەسفی کردووە، بە کردەوە کۆماری ئیسلامی لە بەرجام هاتووەتە دەر.

لەمبارەوە ئێمانۆئێل ماکرۆن سەرکۆماری فەڕانسە لە دژکردەوەیەکدا ڕایگەیاند: هەنگاوی چوارەمی ئێران هەنگاوێکی مەترسیدارە کە دەرخەری ئیرادەی تاران بۆ چوونەدەر لە بەرجامە!

ناوبراو وتوویەتی: هەنگاوی مەترسیداری چوارەم «گۆڕانێکی قووڵە» لەهەمبەر هەموو ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستە ئەنجام دراون.

بەوتەی مەکرۆن ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت و کۆماری ئیسلامی و ئامریکا هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەیان نەدەن، گەلاڵەی جێگرەوە دێتە ئاراوە کە بریتییە لە سەرێشەیەکی هەمیشەیی و ئاکامەکەی تەنیا قووڵتربوونەوەی قەیرانەکانە!

هاوکات وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە کاردانەوەیەکدا بە هەنگاوی چوارەم وتوویەتی: بڕیاری کۆماری ئیسلامی «قەڵەمبازێکی گەورە لە ڕێگایەکی هەڵە»دایە؛ لە ڕاگەیەندراوی ئەم وەزارەتخانەیەدا هاتووە: ئێران هیچ بیانوویەکی نییە بۆ زیادکردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم، چ لە فۆردۆ یان هەر شوێنێکی تر بێ. ئەمە تەنیا هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی باج! کە بەدڵنیاییەوە تەنیا تەریککەوتوویی سیاسی و ئابووریی زیاتری خۆی بۆ بەدیاری دەهێنێ.

سێ یاسادانەری باڵای ئامریکاش، سێناتۆر تێد کروز، لیندسی گراهام و لیز چێنی، خوازیاری گەڕاندنەوەی تەحریمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها ڕاوەستاندنی «معافیت»ی هاوکاری ناوکی ناسەربازی بوون.

بریتانیاش بەفەرمی ڕایگەیاندووە: هەنگاو و بڕیاری ئەم دواییەی ئێران دژایەتی تەواوی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ناوکی هەیە و هەڕەشەیەکی جیددییە دژ بە ئەمنیەت و ئاسایشی نیشتمانی ئێمە.

لەلایەکی دیکەشەوە یەکیەتی ئورووپا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک لەمبارەوە نیگەرانی قووڵی خۆی سەبارەت بەهەنگاوی چوارەم دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە: ئێمە بە پێداگرییەوە داوا لە ئێران دەکەین کە هەموو چالاکییەکانی خۆی کە ڕەنگە ببنە هۆی پێشێلکردنی بەرجام ڕابوەستێنێت چوونکە ڕاگرتنی بەرجام زۆر لە ڕابردوو ئەستەمتر بووەتەوە.

# دەستی تاران کورت دەکرێتەوە

ڕێپێوان و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە عێراق و لوبنان بەدژی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئەم وڵاتانە بەردەوامە و سەرەڕای هەبوونی سەدان کوژراو و بریندار، هێشتا ناڕازییان لەسەر شەقامن و ئامادە نین لە ویستەکانیان بکشێنەوە.

ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی عێراق و لوبنان کە لە هەندێ حاڵەتدا و لەلایەن ڕەوتە توندڕەوەکانی پارێزەری دەسەڵاتی تاران بەرەو توندوتیژی بران، کۆڵەکە لەرزۆکەکانی ویلایەتی فەقیهیان خستە لەرزە و عەلی خامنەیی لە کاردانەوەیەکی فەرمیدا وێڕای ڕەپاڵدانی ناڕەزایەتییەکان بە وڵاتانی وەک ئامریکا و ئیسرائیل، داوای کرد کە خەڵک بە هێمنییەوە بجووڵێنەوە و واز لە درووشمدان و خۆپیشاندان بهێنن.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا کە خۆپیشاندانی جەماوەری تێدا بەڕێوە چوو، وێڕای سووتاندنی ئاڵای کۆماری ئیسلامی و بنپێکردنی وێنەی عەلی خامنەیی و قاسم سولەیمانی، هەوڵ بۆ داگیرکردنی هەندێک لە بنکە و بارەگا فەرمییەکانی تاران لە شارەکانی عێراق و بەتایبەتیلە کەربەلا درا و هەندێک لە بنکە و بارەگاکانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق سووتێندران.

لەلایەکی دیکەشەوە پاش ڕفاندن و کوشتنی خەڵکی سڤیل لە شەقامەکانی عێراق، کە چالاکانی سیاسی و بەشێک لە میدیاکانی عێراق دەڵێن لەلایەن هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون، باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەغدا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەم کردەوانەی مەحکووم کرد و داوای لە حکوومەتی ناوەندی عێراق کرد کە بە زووترین کات ئاوڕ لە ویست و داواکاری خۆپیشاندەران بدەنەوە.

هەروەها مایک پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە لاپەڕەی تویتێری خۆیدا نووسیویەتی: «خەڵکی عێراق و لوبنان خوازیاری وەرگرتنەوەی وڵاتەکانیانن. ئەوان بەو ڕاستییەیان زانیوە کە سەرەکیترین کاڵای هەناردەکراوی ئێران بۆ وڵاتەکەیان بریتییە لە گەندەڵی؛ عێراق و لوبنان شیاوی ئەوەن کە بەبەێ دەستێوەردانەکانی خامنەیی، چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان بگرنە دەست.»

لە ڕۆژانی ڕابردوودا میلیشیاکانی حیزبوڵا لە لوبنان هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەر و ناڕازییانی لوبنانی و لە عێراقیشدا هێزەنێردراوەکانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی سەر بە تاران لەگەڵ خەڵکی ئەم وڵاتە دەرگیر بوون.

## پەیڤ

### تۆقلە کۆشک

### کەریم پەرویزی

پیرەمێردێکی عەرەب، تاکە کەوشەکانی دەرهێنابوو و بە هەموو ڕق و هێزەوە لە دەموچاوی وێنەیەکی سەددامی دەکێشا لە شەقامێکی سەرەکیی بەغدادا؛ ئەم ڕووداوە لە هەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە.

کاتێک کە هێزەکانی ئامریکا بە تانکەوە هاتنە نێو گۆڕەپانی فەلەستین لە بەغدا و چەند ساتێک دواتر پەیکەرە گەورەکەی سەددامیان لە نێوەڕاستی بەغدا ڕووخاند، خەڵکی عێراق هەستیان دەکرد دەست لە بەربینگیان بەر دراوە و هەوایەکی ئازاد هەڵدەمژن و ژیانیان بەرەو ئازادی و گەشانەوە دەڕوا. ئەمە ترسێکی گەورەی لای کۆماری ئیسلامی دروست کردبوو کە نەیدەویست عێراقی داهاتوو ببێتە نموونەیەکی باش بۆ ناوچە و خەڵکی ئێرانیش تەماحیان وەبەر بکەوێ کە ئەوانیش چاویان لەو داهاتووە بێ، بۆیە هەموو جۆرە گرووپێکی توندئاژۆی چ سوننی و چ شیعەیان هان دا و پشتیان گرتن تاکوو بەگژی ئامریکاییەکانیدا بکەن و عێراق وێران بکرێ و نوقمی شەڕی نێوخۆیی بێ. ئەمە حیکایەتی پازدەساڵی ڕابردووی عێراق بوو کە کۆماری ئیسلامی هەم لە کۆمەڵگای شیعە کەڵکی نابەجێی وەردەگرت و لە گرووپی جیاجیادا ڕێکی دەخستن و بە دژی ئامریکاییەکان و سوونییەکان و تەنانەت بە دژی یەکیدا دەکردن، لەولایشەوە دەستێوەردانی لە کاری کوردەکان و نێو گرووپە سونییەکانیش دەکرد. بەم ئاڵۆزییانە دەیویست هەم دژایەتیی ئامریکایان پێ بکا و هەم وایان لێ بکا کە بەردەوام چاویان لەدەستی سوپای قودس بێ تاکوو بێت و ڕێکیان بخا و لە هەڵبژاردنەکاندا گزە و تەقەلوبیان بۆ بکا و دوایەش سەرۆکوەزیری دڵخوازی خامنەییان بۆ دابنرێ. ئەم کۆشکەی کۆماری ئیسلامی لە عێراقی دروست کردبوو، هەم کۆمەڵگای عێراقیی پێ کۆنترۆڵ دەکرد و هەم گرووپی تیرۆریستیی تێدا دادەمەزراند و بە دژی وڵاتانی دەوروبەر و ئامریکا و ئیسراییل و هەموو گەلانی ناوچەش وەگەڕی دەخستن و هەم ئابوورییەکەی عێراقی کردووە بە پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە گەمارۆ جیهانییەکان. بازاڕ و بەندەر و بانکی عێراقیی کردووە بە رووکەشێک بۆ هەموو کارە مافیایی و تاڵان و گەندەڵییەکان و دەوردانەوەی سزا جیهانییەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەمان حیکایەتی بە شێوازێکی دیکە بەسەر لوبنانیشدا هێناوە و هەم ئاژاوە و هەم گەندەڵیی بەرفراوانی پەرە پێ داوە و باندە مافیاییەکانی لەوێش حاکم بەسەر

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی کۆچی دوایی «حەمید دەروێش»ـەوە

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی «حەمید دەروێش»، سکرتێری گشتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە، لە پەیامێکدا پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی ئەو پارتە کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە

وێڕای سڵاوێکی گەرم

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و تێکۆشەری دێرینی نەتەوەکەمان، کاک «حەمید حاجی دەروێش»، سکرتێری گشتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریەمان پێگەییشت.

کاک «حەمید» جگە لەوەی کەسایەتییەکی بەرزی سیاسی و نیشتمانپەروەر بوو، دۆستێکی بەوەفای حیزبی دێموکرات و دوکتور «قاسملوو» بوو کە تەمەنێکی درێژی لە ڕێگای خەبات بۆ ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی سووریە تێپەڕاند. بۆیە لەدەستدانی، خەمێکی گەورەیە بۆ هەموو لایەکمان.

بەم بۆنەوە، لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم ڕێبەریی پارتەکەتان و بنەماڵەی تێکۆشەریان دەکەین. بە هیوای سەبووری بۆ هەموو لایەک.



**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩ی زایینی**

# ناوەندی هاوکاری، پەیامێکی سەرەخۆشیی بە بۆنەی کۆچی دوایی «حەمید دەروێش» بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی «عەبدولحەمید حاجی دەروێش»، سەرەخۆشیی خۆیان ئاراستەی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی کورد هەڤاڵ «عەبدولحەمید حاجی دەروێش»، سکرتێری گشتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە.

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، پێنج شەممە، ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩ی زایینی، کاک عەبدولحەمید حاجی دەروێش، سکرتێری گشتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە، دوای ساڵانێکی زۆر خەباتی سیاسی، لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە شاری قامیشلۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک عەبدولحەمید دەروێش لە ساڵی ١٩٥٧ی زایینی، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری پارتی دێموکراتی کورد لە سووریا بووە و ساڵی ١٩٦٢یش پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی لە سووریا دامەزراند.

خەباتکارێکی ماندوونەناس و تێکۆشەر بووە لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا و تەنانەت چەندین جاریش لە لایەن ڕێژیمی بەعسی سووریەوە دەستبەسەر و زیندانی کراوە.

هاوکات دۆست و هاوڕێی دڵسۆزی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕێز دەگرێت لە ساڵەها خەبات و تێکۆشانی کاک «عەبدولحەمید دەروێش» و بێگومان مەرگی ئەم تێکۆشەرە دێرینە، ئێمەی خەمبار کردووە و هەروەها خەسارێکیشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا، ئێمە بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی گەرمی خۆمان لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٩ی زایینی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە





ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی هەڵبژاردنی شارەکانی «سنە و سلێمانی» وەک دوو شاری داهێنەر لە بواری مۆسیقی و ئەدەبیات لە لایەن ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و کولتووریی نەتەوەیەکگرتووەکان، ناسراو بە «یوونیسکۆ»وە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

(UNESCO)، دوو شاری کوردستانی ئێران و کوردستانی باشووری لە ڕیزی ٦٦ شاری جیهان وەک «شارە داهێنەرەکان» هەڵبژارد. یوونیسکۆ شاری سنەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێرانی وەک شاری داهێنەر لە بواری مۆسیقیدا هەڵبژاردووە. سنەی سەربەرز و خۆڕاگر، شاری داهێنانی هونەری مۆسیقی کە ئاوێتەی خەبات و مافخوازیی گەلەکەیەتی و هونەرمەندانێکی زۆری لە دڵی خۆیدا پەروەردە کردووە کە هەزاران ئۆگری هونەریی لێ هەڵکەوتووە و سیمایەکی بەرزی بە جێگە و پێگەی مۆسیقی و هەڵپەڕکێ و شانۆ بەخشیوە کە لە ژیانی دروونیی مرۆڤدا، پێوەندییەکی قووڵ بۆ مانابەخشین بە ژیانی شاد و زیندوویی بەردەوام، پێک دێنێت. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم دەسکەوتە و بەخشینی ئەم نازناوە بە هەموو خەڵکی خۆشەویستی شاری سنە و بە تایبەتی هونەرمەندانی ئەو شارە پیرۆزبایی دەڵێت. گومان لەوەدا نییە کە بەرەنگاری و هونەری بەرەنگاری بەشێکی سەرەکیی هونەری مۆسیقای شاری سنە و هونەرمەندە بەڕێزەکانی بوونە هۆی ئەوە کە هونەرمەندانی زۆر بەرچاو لەو شارە و هەموو گوندەکانی کوردستان لە ڕیزی کاریگەریی خەباتی نەتەوەکەماندا، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان ببن و هەن. هیواخوازین و دڵنیاشین کە هونەرمەندانی دڵسۆز و بەهەڵوێستی ئەو شارە لەم دەسکەوتە جیهانییە کە دەرفەتێکی گەورە بۆ ئەم شارە دەرەخسێنێت، بۆ ناساندنی هەرچی زۆرتری ماف و داواکارییەکانی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرن. هاوکات لەگەڵ شاری سنە کە وەک شاری داهێنەر لە بواری مۆسیقی ناسێندراوە، شاری سلێمانی، پێتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراقیش وەک شاری «داهێنەری ئەدەبی» لە لایەن ڕێکخراوی یوونیسکۆوە دەستنیشان کراوە. شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری شاعیران و ئەدیبان و ڕۆشنبیران هەموو کات لە پێشەوەی داهێنانی ئەدەبیدا بووە و گەلێک ئەدیبی گەورەی بە کورد و جیهان ناساندووە. شارەکانی سنە و سلێمانی، وەک دوو شاری دەستەخوشکی کورد ئەمڕۆ لە ئاسمانی هونەر و ئەدەبی جیهانیدا پێگەیەکیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. دەستنیشانکردنی ئەم دوو شارە بەو نازناوانە دەرخەری هونەردۆستی و هونەرمەندی و ئەدەب و داهێنان لە لای نەتەوەی کورد و پێگەی هونەر و ئەدەبیات لە لای ئەم گەلەیە. جارێکی دیکە ئەم دەسکەوتە بە هەموو گەلی کورد و شارۆمەندانی شارەکانی سنە و سلێمانی و بە تایبەتی هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەو شارانە پیرۆزبایی دەڵێین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن و دەسکەوتی زیاتریان بۆ دەخوازین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**ای نوامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی «حەمید دەروێش»دا



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پرسەی «حەمید دەرویش»دا بەشداریی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەد نەزیف قادری»، بەرپرسی دەزگای گشتیی پەیوەندییەکان و جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی، بەشدارییان لە پرسەی خوالێخۆشبوو ماموستا «عەبدولحەمید حاجی دەرویش» لە شاری سلێمانی کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو پرسەیەدا، پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لێپرسراوی گشتییان بە بەرپرسان و ئەندامانی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریە ڕاگەیاند.

ماموستا «عەبدولحەمید حاجی دەرویش»، سکرتێری گشتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریە و یەکێک بوو لە تێکۆشەرانی سیاسیی ناسراوی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا کە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە شاری قامیشلۆ کۆچی دوایی کرد.

# ناوەندی هاوکاری: ڕێز بۆ تێکۆشان و هەڵوێستی خەڵکی کوردستانی ئێران دادەنێین

١٤هەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆتایی پێهات و لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین بابەتی گرینگ گفتوگۆی لەسەر کرا.

ڕۆژی پێنج شەممە ٩ی خەزەڵەوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ١٤هەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا ناوەندی هاوکاری چاوخشاندنێکی بەسەر دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و دەرس و ئەزموونەکان و کاردانەوەی لە خەباتی گەلی کورد بە گشتی و بەتایبەتی لەسەر کوردستانی ئێران کرد و لەسەر ئەم بابەتە ناوەندی هاوکاری هێرشی داگیراکارانەی تورکیەی بۆ سەر خاک و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بە ناڕەوا و دوور لە پرەنسیپ و یاسا نێونەتەوەییەکان دەزانێت و جەخت لەسەر پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکاتەوە و داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکات بۆ پاراستنی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان ، هەوڵ بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئەمن لەژێر چاودێریی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بدەن، هاوکات ناوەندی هاوکاری لەسەر یەکڕیزی و یەکیەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان جەخت دەکاتەوە و لەو باوەڕە دایە کە پاراستنی خەڵک و خاکی ڕۆژئاوای کوردستان لە یەکڕیزی و یەکیەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دایە. ناوەندی هاوکاری لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات، ڕێز لە ئیرادەی گەلی کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دەگرێت . ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سپاس و پێزانینی خۆی سەبارەت بە پشتیوانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕادەگەیەنێت و ڕێز لە هەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران دەگرێت. لە تەوەریکی دیکەدا پێشنیاری گرتنی کۆبوونەوەی ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ ئاشناکردنی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد و نوێنەرانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی لە سیاسەتەکانی ناوەندی هاوکاری و بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕوانگەی ناوەند لە سەر سیستمی داهاتووی ئێران بە گوتارێکی یەکگرتووانە و ئامانجدار و ستراتیژییەکی هاوبەش ئەم کۆبوونەوانە بەڕێوە ببات. ناوەندی هاوکاری بڕیاری دا لەسەر ئەم بابەتە کاری زۆرتر و چڕوپڕتر بکرێت.

تەوەری سێهەمی ئەم دانیشتنە سەردانی هەیئەتێکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی وەگەڕخستنی دیپلۆماسیی هاوبەش بوو و بڕیاری دا بۆ پێکهێنانی هەیئەتەکە و چۆنیەتی کاری دیپلۆماسی ئامادەکاریی زۆرتر و شیاوتر بکات. لە تەوەریکی تردا چاوخشاندنێک کرا بەسەر کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی دەرەوەی وڵات کە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا بەڕێوە چوون. بڕیار درا لە هەر کۆبوونەوە و کۆنفرانسێک کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانی ئێران و لە ئاراستەی سیاسەت و ستراتیژی ناوەند دابێت،پشتیوانی بکات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویی**
**٣١ی ئوکتوبری ٢٠١٩ی زاینیی**

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی «مێری»ـدا بەشداریی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سێمینارێکدا کە لە لایەن ئەنیستیتۆی «مێری» بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد و لەو سێمینارەدا ڕێژیمی ئێران بە پەرەپێدانی سیاسەتی شەڕەخوازنە و پشتیوانی لە میلیشاکان، مەحکووم کرا.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەر، لەسەر بانگهێشتی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MERI)، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەد نەزیف قادری»، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزب، بەشدارییان لە کۆڕی ساڵانەی «مێری» لە شاری هەولێر کرد.

سەرەتا لە لایەن هەیئەتی بەڕێوەبەریی کۆڕەکەوە بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیەندرا.

پاشان پرۆفیسۆر «دلاوەر عەلائەدین» بەرپرسی مێری، پەیامێکی لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشکەش کرد.

«عەلائەدین» لە پەیامەکەدا ئاماژەی بە خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکە کرد و وتی، ئەوە ئاکامی کەڵەکەبوونی



نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و هەرەسهێنانی حکوومەت لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی، نەبوونی خزمەتگوزاری، چارەسەرنەکردنی بێکاری، پەرەسەندنی گەندەڵی و بەڕێوەنەبردنی بنەماکانی دەستووری عێراقی فێدراڵ و پەراوێزخستنی پێکهاتەکانە.

لەو پێوەندییەدا ناوبراو ئاماژەی بە ڕەوشی سەقامگیری هەرێمی کوردستان و پرۆژەی خزمەتگوزاریی کابینەی نۆیەم کرد کە بۆ چاکسازیی زیاتر جێی هیوایە.

هاوکات ئاماژەی بە ڕەوشی لوبنان و ئامانجی خۆپیشاندانەکان کرد و هەر لەو پێوەندییەشدا باسی ڕەوشی ئاڵۆزی سووریە و هێرشی ئەرتشی تورکیە و ئاوارەبوونی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا کرد.

لەم بەشەدا ناوبراو لە باسەکەیدا ئاماژەی بە دەوری کاریگەری ژنان و کچانی کورد لە بەرگری، سەرکردایەتیکردن، بەڕێوەبردن و فەرماندەیی شەڕەکاندا کرد و ڕایگەیاند: «شانازییە بۆ گەلی کورد کە ژنان ئاوا لە پرۆسەی سیاسیدا ڕۆڵ دەگێڕن».

دواتر چەندین پانێل لەسەر عێراق، ئامانجی خۆپیشاندانەکان و ڕێکارەکان بۆ چارەسەریی بنەڕەتی ڕێک خران.

لە پانێلەکاندا بە ئاشکرا باسی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرا.

لەو سێمینارەدا خاڵێک کە زۆرتر جێی ڕەخنەی بەشداربووانی کۆڕەکە بوو، تاوانکارییەکانی ئەرتشی تورکیە و بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و سیاسەتی هەڵەی «دۆناڵد ترامپ»، سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بوو کە ڕێخۆشکەری هێرشی تورکیە بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا و سووریە بوو.

لەم کۆڕەدا «محەممەد نەزیف قادری»، بەشداری بابەتی هۆکاری پەرەسەندنی شەڕەکان بوو.

«قادری» سیاسەتی نکۆڵیکردنی دەوڵەتەکانی ناوچە لە شوناس و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، گەندەڵی و دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات، دەرفەت نەڕەخساندن بۆ دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکان، نەبوونی هەلی کار بۆ گەنجان و نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بە هۆکارەکانی ئاڵۆزبوونی ناوچەکە ناو برد.

شاندی حیزبی دێموکرات لەو سێمینارەدا لەگەڵ دەیان کەس لە کەسایەتییە عەرەب و بیانییەکان، نوێنەرانی سیاسی و دیپلۆماتکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، چاوپێکەوتنیان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات لەو دیدارەدا، بەشداربووانیان لە دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار کردەوە.

لەم سێمینارەدا هەیئەتێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بەشدار بوون و لە پانێلێکدا وێڕای باسکردنی کۆمەڵێک باسی بێبنەما، لە بەرامبەر ڕەخنەی ئەندامانی شاندە عەرەبییەکان کە بەتوندی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و میلیشیاکانی ئەوانیان بە هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عێراق زانی و داوای کشانەوەی بەکرێگیراوانی ئەوانیان لە ناوچەکەدا کرد، بە ڕووهەڵماڵراوییەوە وتی: «ئێمە لەسەر داوای حکوومەتەکانی ناوچە هاتووین و لە بەرامبەر داعش و گرووپەکانی دیکەدا هاوکاریمان کردووە».

سەرەڕای ئەو چەواشەکارییانەی شاندی ڕێژیم، کەشی زاڵ بەسەر کۆڕەکەدا، مەحکوومکردنی ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی تورکیە بوو و قسەکانیان وەکوو پاساوهێنانەوە بۆ دەربازبوون لە تاوانەکانیان باسی لێوە کرا.

## سپاسی بنەماڵەی پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا» لە لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات

بنەماڵەی کۆچکردوو پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»، لە پەیامێکدا سپاس و پیزانینی خۆیان ئاراستەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

بۆ برای زۆر بەڕێز و خۆشەویست هەڤاڵ «مستەفا هیجری»

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- لێپرسراوی گشتی

پرسەنامە گەرم و گوڕەکەتان بۆ کۆچی دوایی کاکم «پ.د عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ» سەبووری بەخش بوو بۆ ئێمە و هەموو کەسوکارمان و مایەی ڕێز و پێزانینمانە لە ئێوەی دۆستی دێرین و بەردەوامی کاکم، کە هەمیشە خۆی بە نزیک و دڵسۆزی ڕاستەقینەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان زانیوە و هاوڕێیەکی خۆشەویستی شەهید دوکتور قاسملوو بووە. هیوای سلامەتی و بەختەوەری بۆ خۆتان و هەڤاڵانتان دەخوازین و هیواداریین بە ئامانجە ڕەواکانتان شاد ببن کە ئازادی و ئاسوودەیی کوردستان و کوردە.

**لەگەڵ ڕێز و سپاسی بێ پایانی**

**براتان**
**فاروق مستەفا ڕەسووڵ**
**لە جیاتی بنەماڵەی مەلا مستەفای سەفوەتی**
**حاجی مەلا ڕەسووڵی دێڵێژە**

# شاندێکی سیاسیی وڵاتی هۆلەند سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد

شاندێکی سیاسیی وڵاتی هۆلەند، سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد و سەبارەت بە چەندین بابەتی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوشی سیاسیی ئێران و بەرنامەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وتووێژیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ٧ی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی، شاندێکی سیاسیی هۆلەندی سەردانی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد کە لە لایەن» محەممەدنەزیف قادری»، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتەوە، پێشوازییان لێ کرا. لەو سەردانەدا، شاندی هۆلەندی، پێکهاتوو لە «تیجس برۆیککەمپ» و «بارت بیتس»، کۆمەڵێک باس و بابەتیان



وەک ئامانجی سەفەرەکەیان باس کرد و لە پێوەندی لەگەڵ چەندین بابەتی سیاسیدا، کۆمەڵێک پرسیاریان ئاراستەی جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب کرد. بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات لەم دانیشتنەدا، بەوردی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێران، پرسی کورد، ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستانی ئێران، هاوکاریی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و هەروەها ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسەی کرد و وڵامی شاندی میوانی دایەوە.

# وەڤدێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەنابەرانی وڵاتی نۆروێژ سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد

لە سەردانی وەڤدێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەنابەران و کوچ و کۆچبەرانی نۆروێژ لە حیزبی دێموکرات، ڕەوشی پەنابەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەندامانی حیزب لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئورووپایی، بەتایبەت لە وڵاتی نۆرویژدا، باسی لەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٦ی خەزەڵوەر، وەڤدێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەنابەران و کوچ و کۆچبەرانی وڵاتی نورویژ بە سەرپەرستیی «ئارێ هۆڤدێناک»، بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ئەم وەڤدە، لە لایەن وەڤدێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی ‹‹محەممەد نەزیف قادری››، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە، پێشوازییان لێکرا. لەم دیدارەدا، ڕەوشی پەنابەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئوروپایی، بەتایبەت لە وڵاتی نورویژدا، باسی لێوە کرا.




لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا، لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ و زیندانییانی سیاسی و... لە ئێران و کوردستاندا باس کرا.

هەروەها لەم دانیشتنەدا، هەر دوو لا لەسەر پێداگری و بەهێزترکردنی پێوەندییەکانیان بە مەبەستی خزمەت بە

# دەورەیەکی دیکەی سەرەتایی کادری کۆتایی پێهات

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەورەیەکی دیکەی ئاستی ٢ی بەشی یەکەمی سیاسیی بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە برد.

ڕۆژی سێشەممە، ٣٠ی ڕەزبەر، لە ڕێوڕەسمێکدا، بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکان، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەورەیەکی دیکەی ئاستی ٢ی بەشی یەکەمی سیاسی بۆ پێشمەرگەکانی کۆتایی پێ هێنا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر دوکتور «ئاوات سارووج»، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزب، لە چەند وتەیەکدا باسی لە ڕۆڵ و گرینگیی کادری سیاسی و تایبەتمەندییەکانی کادر و ئەندامی حیزبی دێموکرات کرد کە دەبێ لە ڕووی سیاسییەوە ئاستێکی بەرزیان هەبێت و خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییان لە دۆخی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات هەبێت و هەروەها لە هەمبەر فەرهەنگ و ناسینی کۆمەڵگای خۆیان کەمتەرخەم نەبن.

«ئاوات ساروج» لە درێژەی قسەکانیدا جەختی کردەوە: «کاتێک دەتوانیت کاریگەری و باندۆرت لەسەر کۆمەڵگا




هەبێت کە خاوەن پێگەیەکی سیاسیی باش بیت و زمان و خوو و دابونەریتی کۆمەڵگای خۆت لە بیر نەکەیت».

ناوبراو هەروەها باسی لە تایبەتمەندیی بەرزی ئەندامانی حیزب کرد کە دەبێ خاوەن کەسایەتیی بەهێزی کەسی و سیاسی بن و هەوڵی خۆپێگەیاندن لەسەر خۆیان بکەن بە ئەرك.

دواتر پەیامی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە لە لایەن «شەهلا کاوە« خوێندرایەوە و پاشان پەیامی بەشداربووانی دەورە لە لایەن «سابیر فەتاحی»، یەکێک لە بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لە بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا کەسانی یەکەم تا سێهەمی خولەکە کە بریتی بوون لە: «عەلی مەولان نژاد، سەید خالید ئەحمەدی و عوسمان

## درێژەی پەیف

چارەنووسی خەڵک کردووە. کاتێک خۆر لە دیوارە تەنکەکانی ئەم کۆشکەی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا و بەیرووتی دەدا، بە هەزاران ڕەنگ دەردەکەوت و شەبەقی دەدایەوە و خامنەیی سەرخۆش بوو بەوەی جوغرافیای موقاوەمەتی تاکوو تاران و تاکوو بەیرووت و دەمشق بەربڵاو کردۆتەوە! بەڵام نەیدەزانی کە گەر کۆشک لە سەر بناخەی با دروست بکا و دیوارەکانی لە تۆقڵەی ئاو دامەزرابێ، ئەم کۆشکە تۆقڵەییە بە دەرزییەک دەتۆقێ و بای بناخەکەی دەبێ بە ڕەشەبایەک کە بۆ ڕووخانی خودی ویلایەتی فەقیهی هەڵ دەکا. ئێستە لە شەقامەکانی بەغدا خەڵکی بەغدا دووبارە بە تاکە کەوش لە دەموچاوی وێنەیەک دەدەنەوە، بەڵام ئەمجارە وێنەکە سەددام نییە، بەڵکوو وێنەی خامنەییە کە بەر کەوش دەدرێ.

# گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیم هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی ناوچە و جیهانن

موختار نەقشبەندی

گرووپە چەکدارەکانی لایەنگر و نزیک لە ڕێژیمی ئێران، ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکییان لە سەرکوت و توندوتیژییەکان بەرانبەر بە خەڵکی خۆپیشاندەر لە خۆپیشاندانەکانی عێراق لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هەبوو، خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانیش ڕاشکاوانە بە دژی خۆپیشاندەران قسەی کرد و بەو شێوەیە کە ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکانی ئێرانیان بە ئاکامی دەستێوەردانی وڵاتە ڕۆژاواییەکان ناو دەبرد، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی عێراقیشیان بە پلانی وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ تێکدانی ئاسایش و ئەمنییەتی وڵاتانی ئیسلامی ناو دەبرد! ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەشێکی زۆری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە یەمەنەوە بگرە هەتا عێراق و سووریە و لوبنان بەهۆی دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بووە و ئێستاش هەر هۆکارەکەی ئەوەیە و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراق خۆڕسک و بە دژی گەندەڵی، دزی و بێکاری و دەستێوەردانەکانی وڵاتانی بێگانە بەتایبەت ڕێژیمی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدایە.

هێرشی وەحشیانەی گرووپەکانی پێوەندیدار بە ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خۆپیشاندەرانی عێراق پەیامێکی ڕوونی بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت وڵاتە ڕۆژاواییەکان پێ بوو؛ ئەویش ئەوە بوو کە ئەمانەی کە ڕەحم بە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان ناکەن، لە کاتی پێویستیشدا هەر چەشنە کردەوەیەکی تێرۆریستی بەرانبەر بە وڵاتانی دیکەش ئەنجام دەدەن.

ئەم گرووپانە کە لە بواری مادی، مەعنەوی، سیاسی و نیزامییەوە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرێت لە چەند بوارەوە زەربەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین داوە، لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەم گرووپانە و میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ناوچەکە و جیهان .

## زۆربوونەوەی ناکۆکییە مەزهەبییەکان:

ئەم گرووپ و میلیشیایانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە زۆربوونەوەی درزی مەزهەبی لە نێوان سوننی و شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەبووە، بەچەشنێک کە دەتوانین بڵێین تەنانەت ئاسەوارەکانی ئەم جیاوازییە مەزهەبییە، کاریگەری لە سەر بەرەکانی داهاتووش دادەنێت، تەنانەت دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتانی یەمەن و لوبنان و عێراق و سووریەدا کەوتووەتە پەراوێزەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خورافات و کاریگەرییەکانی لە سەر سیاسەت و کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەدا زیاتر دەبێتەوە، دەرگیری و جیاوازیی نێوان سوننی و شیعەکان لەم وڵاتەدا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر لایەنگرانی ئەم مەزهەبانە لە وڵاتانی ئیسلامیی دیکە وەکوو ئافریقا و تەنانەت باشووری ئاسیادا دەبێت و گرووپە ڕادیکاڵەکان و حیزبە ئیسلامییەکانیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ، لەم دۆخە کەڵک وەردەگرن، لە ڕاستیدا ڕێژیمی ئێران کە لە بواری ئابووری و نیزامی و سیاسییەوە توانایی دەسبەسەرداگرتن بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوینی نییە، ئەیهەوێت لە ڕێگەی ئەم گرووپانەوە و بە زاڵبوون بە سەر ناوچە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە ئامانجەکانی خۆی بگات، هەڵبەت ئاسەوارە نەرێنی و مەترسیدارەکانی ئەم کردەوەیەی ڕێژیم بەدرێژایی کات، داوێنی وڵاتی ئێرانیش دەگرێت، هەڵبەت تورکیە و قەتەریش لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەشێوەی بەربڵاو پشتیوانییان لە گرووپە توندئاژۆ و چەکدارە سوننییەکان کردووە کە ئەم کارە خێرایی زۆربوونەوەی جیاوازییە مەزهەبییەکانی ٢ قات زیاتر کردووەتەوە. بەهۆی بەربڵاوبوونی جیاوازییە مەزهەبییەکان لە ئایینی ئیسلامدا ناکرێ ئەم جیاوازییانە تەنیا لە گۆشەنیگای جیاوازیی شوێنکەوتووانی سوونی و شیعەوە تاوتوێ بکرێ چونکە لەم مەزهەبانەدا جیاوازیگەلێکی بەربڵاو بە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتییەوە بوونیان هەیە و ئەمە پرسەکانی قووڵتر کردوونەتەوە، تەنانەت ڕێژیمی ئێران بۆ ئامانجەکانی بەشێوەی کاتی پشتیوانیی لە گرووپە

**گرووپە توندئاژۆ مەزهەبییە چەکدارەکان چونکە لە ئیدئۆلۆژی و شێوازی بیرکردنەوەیاندا دنیا بە سەر دوو بەشی خێر و شەڕدا دابەش دەکەن و خۆیان ئەرکدار دەکەن بەوەی کە لەو شەڕی خێر و شەڕەدا بەشداری بکەن و بەردەوام بیر لە لابردنی دوژمنان و دژبەرانیان دەکەنەوە و تەنانەت ئەگەر دوژمنێکیش نەبێت بۆ مانەوەی خۆیان و پاراستنی تەشکیلات و لایەنگرانییان دوژمن ساز دەکەن**

توندئاژۆکانی سوننی مەزهەب بەدژی هێزەکانی ئامریکا و بە قازانجی ڕۆژاوا کردووە، ڕێژیمی ئێران و بە مەودایەکی زۆریش ڕێژیمی تورکیە و تەنانەت تا ڕادەیەک حکوومەتی عەرەبستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خەریکی سازماندانی گرووپە ئیسلامییەکان لە نێوان موسڵمانان و ناموسڵمانانی وڵاتانی ڕۆژاواییدان کە ئەم کارە لە کورتخایەن و درێژخایەندا ئاسەوارگەلێکی زۆر بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی دیکە بە دوای خۆیدا دێنێت و جگە لە گرووپە تێرۆریستییەکانیش کەس لەم دۆخە قازانج ناکات.

## زۆربوونەوەی شەڕە نیابەتییەکان

**لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران بکەوێتە بەر هێرش یان لە نێوخۆی وڵاتەکەیدا توانای کۆنترۆڵ کردنی ناڕەزایەتییە خەڵکییەکانی نەبێت لەم گرووپانە کەڵک وەردەگرێ تاکوو فۆکۆس و تەکووزی لەسەر ڕێژیم کەم ببێتەوە**

## و هێرشە تێرۆریستییەکان بە شێوازی نوێ:

گرووپە توندئاژۆ مەزهەبییە چەکدارەکان چونکە لە ئیدئۆلۆژی و شێوازی بیرکردنەوەیاندا دنیا بە سەر دوو بەشی خێر و شەڕدا دابەش دەکەن و خۆیان ئەرکدار دەکەن بەوەی کە لەو شەڕی خێر و شەڕەدا بەشداری بکەن و بەردەوام بیر لە لابردنی دوژمنان و دژبەرانیان دەکەنەوە و تەنانەت ئەگەر دوژمنێکیش نەبێت بۆ مانەوەی خۆیان و پاراستنی تەشکیلات و لایەنگرانییان دوژمن ساز دەکەن، هەر بۆیە ئەم گرووپانە لە بنەڕەتدا ناتوانن ئاشتیخواز بن و لە سیستمێکی دێموکراتدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، ترسی ئەم جۆرە گرووپانە تەنیا لە وڵاتێکدا کە تێیدا دەژین کورت ناکرێتەوە و بەو هۆیەوە کە ئیدئۆلۆژییەکەیان جیهانییە و ئامادەن بۆ پشتیوانی لە هاوبیرانیان لە هەر شوێنێکی دونیادا شەڕ بکەن و بەبێ ئەوەیکە لە بواری ویژدانییەوە تووشی ناڕاحەتی بن خەڵکی دژبەری خۆیان بکوژن. شەڕی سووریە نموونەیەکی دیاری شێوازی کاری ئەم گرووپە ڕادیکاڵە مەزهەبییانەیە کە میلیشیاکان لە چەندین وڵاتی دیکەوە، لە ڕێگەی ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی سووریە سازماندهی و بۆ ئەو وڵاتە نێردراون.

مەترسیی گەورە ئەوەیە کە تەنانەت بە تەواوبوونی شەڕی سووریە ئەم گرووپانە بەردەوام چالاکییەکانیان درێژە پێدەدەن و لە شوێنێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا درێژە بە شەڕ دەدەن و ئەمە بە واتای درێژەکێشانی شەڕی نیابەتی و زۆربوونەوەی توندئاژۆیی و وێرانبوونی زیاتری وڵاتەکانی ناوچەکەیە.

هەڵبەت مەترسیی ئەم گرووپانە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سنووردار ناکرێتەوە و بە ٢ شێوەش هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی جیهانین:

یەکەمیان کەڵکوەرگرتن لەم گرووپانە بۆ ئەنجامدانی کرداری تێرۆریستی لە وڵاتانی دیکەدا، ڕێژیمی ئێران بەباشی ئاگادارە لەوەیکە کەڵکوەرگرتن لە هاووڵاتییانی ئێرانی بۆ کردەوەی تێرۆریستی ئاسەواری نێگەتیڤی زۆری بۆ ڕێژیم دەبێت، هەر بۆیە لە کاتی پێویستدا لە هاووڵاتییانی وڵاتانی دیکە کە بوونەتە ئەندامی گرووپە ڕادیکاڵ و توندڕۆکان بەمەبەستی لابردن و نەهێشتنی جیابیران و هەروەها زەبروەشاندن لە ئامانجە دەرەکییەکان کەڵک وەردەگرێ.

دووهەمین مەترسی گەورەی ئەم گرووپانە بۆ سەر ئەمنیەتی جیهانی هێرش کردنەسەر ناوەندە گرینگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەوتهەڵگر و بەلەمە بازرگانییەکانە کە چەندین جار تا ئێستە کرداری لەو چەشنەمان لەلایەن حوسییەکانەوە بینیوە بەڵام لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران بکەوێتە بەر هێرش یان لە نێوخۆی وڵاتەکەیدا توانای کۆنترۆڵ کردنی ناڕەزایەتییە خەڵکییەکانی نەبێت لەم گرووپانە کەڵک وەردەگرێ تاکوو فۆکۆس و تەکووزی لەسەر ڕێژیم کەم ببێتەوە؛ ئەم گرووپە میلیشیاییانە دەتوانن لە چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێرش بکەنە سەر ناوەندە سیاسییەکان، لەوانەش باڵوێزخانەکان و تەنانەت هاووڵاتییانی وڵاتانی ڕۆژاوایی بە بارمتە بگرن تاکوو ڕێژیمی ئێران بتوانێ بۆ پاراستنی ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی کەڵکیان لێوەربگرێ؛ هەروەها ئەم گرووپانە دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە مووشەکە کوورتمەوداکانیان و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی زۆرتر بکەنە سەر ناوەند و سەنتەرە نەوتییەکانی ناوچە کە پێشگرتن لەم جۆرە هێرش و پەلامارانە بۆسەر ناوەندە نەوتییەکانی عێراق لە کاتی شەڕدا ، دەتوانین بڵێین ناموومکینە و ئەم گرووپە میلیشیاییانە کە لە عێراقدا جێگیر کراون بە ئاسانی دەتوانن کەرتی هەناردەی نەوتی عێراق و تەنانەت کوەیت لە کار بخەن؛ هەروەها ئەم گرووپانە دەتوانن بە کردەوەگەلی وەک خۆتەقاندنەوە و خۆکوژی ئینتحاریلەڕێگەی بەلەمە ئاساییەکانیانەوە زەبری کاریگەر بە کەشتییە بازرگانی و نەوتییەکان بگەیەنن کە کۆی ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی چوونە سەری لەڕادەبەدەری نرخی جیهانی نەوت و زەبروەشاندن لە پەیکەری ئابووریی جیهانی.

## ڕێگەچارە چییە؟ دەبێ چی بکرێت؟

لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی «کوردستان» باسمان لە ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم گرووپانە کردووە و ئاماژەمان بەوە کردووە کە بۆچی عەرەبستان و ئیسرائیل لە پرۆسەی لەنێوبردنی حیزبوڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن سەرکەوتوو نەبوون و ئاماژەمان بەوە کردووە کە هۆکارەکەی لاوازی سەربازی یان ئابووری ئەم وڵاتانە نییە بەڵکوو بەو هۆیەوەیە کە گرووپە تێرۆریستییەکان لە نێو خەڵکی ئاساییدا خۆیان حەشار دەدەن و پێگە و جێگەیەکی دیار و دەسنیشانکراویان نییە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها گرووپگەلێک زۆر ئەستەم و دژوار و لە هەمان کاتیشدا کاتبرە و لە ئەگەری هەوڵدان بۆ لەنێوبردنیان خەڵکی ئاساییش پرشکیان بەر دەکەوێ چوونکە تاکتیکی ئەم گرووپانە بۆ خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە وەها حاڵەتێک بریتییە لەوەیکە خەڵکی ئاسایی دەکەنە قەڵغانی خۆیان کە نموونەی هەرەبەرچاوی خەڵکی بێتاوان و زوڵملێکراوی یەمەنە. لەڕاستیدا بۆ لەنێوبردنی ئەم گرووپانە سێ ڕێگە لەبەردەمدایە:

یەکەم، دۆزینەوە و لەنێوبردنی هۆکار و ڕیشەکانی درووست بوونی ئەم گرووپانە، ڕاستە کە شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانگەی ئەم گرووپانە پێشینەی لەمێژینەی هەیە بەڵام ئەگەر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵاواردنی مەزهەبی لەنێو بچێ وبنبڕ بکرێت، بوار و بەستێنی گەشەکردنی ئەم گرووپانەش لەنێو دەچێ کەواتە هەر هەنگاوێک بەرەو دێموکراسی و ئازادی و یەکسانی هەلبگیرێتەوە هەنگاوێک لە ڕادیکاڵیزم و زێدەخوازی دوور دەکەوینەوە.

دووهەم، لەنێوبردنی سەرچاوە ماڵییەکانی ئەم گرووپانە؛ وشکاندنی سەرچاوە ماڵی و داراییەکانی گرووپگەلی لەم چەشنە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ڕێژە و ئاستی چالاکییە تێکدەرانەکانی ئەم گرووپانە، لە دنیای ئەمڕۆدا و بە هەبوونی سیستم و پلانی کۆنترۆڵ کردنی بانکی ئەگەری گەیاندنی یارمەتی زۆری ماڵی بەم گرووپانە زۆر ئەستەمە مەگەر ئەوەیکە وڵاتێکی دەسەڵاتدار لە پشتئەم یارمەتییانەوە بێ کە هەنووکە ئێران و قەتەر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرقاڵی یارمەتیگەیاندن بەم گرووپانەن کە گوشاری ئابووری بۆسەر ئێران و گوشاری سیاسیش بۆسەر قەتەر بوونەتە هۆی کەمبوونەوە و تەنانەت نەمانی بەشێکی بەرچاو لەم یارمەتییە ماڵی و داراییانە.

سێهەم، لەنێوبردنی ڕێگاکانی وەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی، نیزیک بە تەواوی کارناسانی سەربازی لەسەر ئەو باوەڕەن کە حووسییەکان و حیزبوڵای لوبنان و .... ناتوانن مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانێک ساز بکەن کە توانای بەزاندن و پێکانی خاکی عەرەبستان و ئیسرائیلیان هەبێ، بەڵکوو تەواوی ئەم چەک و تەقەمەنییانە لەلایەن ئێران یان بە یارمەتی ماڵی و تکنیکی ئێران ساز کراون؛ بردنەسەری ئاستی گوشارەکان بۆسەر ئێران و کۆنترۆڵ کردنی ڕێگە دەریایی و هەواییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر هێز و توانایی چەکدارانەی ئەم گرووپانە دادەنێت؛ هەڵبەت وڵاتگەلێکی وەک تورکیە و قەتەریش لە پانتاییەکی کەمتردا نەخشیان لە پڕچەککردنی هەندێک لە گرووپە ڕادیکاڵەکان هەبووە. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپە میلیشیاییە توندڕەو و ڕادیکاڵەکان تەنیا لەلایەن وڵاتانی ناوچە یان ئامریکاوە جیبەجێ نابێ و پێویستی بە هەوڵ و هاوپەیمانی جیهانی هەیە و دەبێ هەوڵ بدرێت سەرچاوە، ماکە و پشتیوانانی ڕاستەقینەی تێرۆریزم لەوانەش ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران، لەنێو ببردرێ؛ هەرچەند کە پاش لەنێوبردن و ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران هەندێک لە گرووپە میلیشیاییەکان وەک خۆیان دەمێننەوە بەڵام نەک بەو ئاست و هێز و دەسەڵاتەوە کە ئێستە هەیانە.

پێویستە ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێرانی و هەمو چالاکانی سیاسیو ڕۆشنبیران بە هەست بە بەرپرسایەتی زیاترەوە بۆ یەکیەتی ڕیزەکانی خۆیان و لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بۆ سەرەونخوون کردنی ڕێژیمی زاڵ لە ئێران تێبکۆشن، ڕووداوەکانی عێراق زەنگی مەترسییەکی جیددین بۆ ئۆپۆزسیۆن و خەڵکانی ئێران کە ڕێژیم لە کاتی پێویستدا کەڵک لە میلیشیا توندڕەوەکانی بۆ سەرکوتی بێبەزەییانەی ناڕەزایەتییەکان وەردەگرێ. بە گەشبینی یان ڕەشبینییەوە پرسەکان ناگۆڕدرێن و دەبێ کەتوارەکان وەک خۆیان ببینرێت، پێویستە پێش لەوەیکە ڕێژیمی ئێران بە شەڕفرۆشییەوە هەموو ناوچە و ئێرانیش تووشی شەڕی ماڵوێرانکەر بکات ئەم ڕێژیمە بڕووخێندرێت. تەنیا ڕێگای بەردەمیش ڕێزگرتن لە مافی هەموو خەڵکانی ئێران، هەموو نەتەوەکان، قەومەکان، مەزهەبە جۆراوجۆرەکان و لە هەمان کاتیشدا یەکگرتوویی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵدان بۆ سەرەونخون کردنی ڕێژیم بەپێی بەرنامە و پلانێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ پاش ڕووخان و نەمانی ڕێژیمە.




**گرووپە تێرۆریستییەکان لە نێو خەڵکی ئاساییدا خۆیان حەشار دەدەن و پێگە و جێگەیەکی دیار و دەسنیشانکراویان نییە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها گرووپگەلێک زۆر ئەستەم و دژوار و لە هەمان کاتیشدا کاتبرە و لە ئەگەری هەوڵدان بۆ لەنێوبردنیان خەڵکی ئاساییش پرشکیان بەر دەکەوێ چوونکە تاکتیکی ئەم گرووپانە بۆ خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە وەها حاڵەتێک بریتییە لەوەیکە خەڵکی ئاسایی دەکەنە قەڵغانی خۆیان**

# گۆڕانکارییەکانی عێڕاق و لوبنان و ترسی ئێران لە داڕووخانی پێگەی

شەریف فەلاح

**بۆچی کاتێک لە بەیروت، ڕامولا و غەزە، بەغدا، کەربەلا و نەجەف شیعە ڕادەچەنێ، ترس پەیکەری تاران و قوم و مەشهەد دادەگرێت؟**

خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکی فراوان لە عێراق ماوەی زیاتر لە یەک مانگە دەستیان پێکردووەتەوە، جیاواز لە لوبنان کە بە دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران هەندێ ئارام بووەتە، بەڵام لە عێراق توندوتیژییەکان بەردەوامن و لە شەپۆلی دووهەمدا تاکوو ئێستا زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژراون و زیاتر لە پێنج هەزار کەسیش بریندار بوون.

لەم نێوەندەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە هەردوو وڵات و بەهۆی بوونی زۆرینەی شیعەوە پێگە و حزووری هەیە، بە نیگەرانی و ترسەوە لەو خۆپیشاندان و گۆڕانکارییانە دەڕوانێت و بەپێی لێدوانی هەندێ بەرپرسی سیاسی و سەربازیی ئێران ئەو خۆپیشاندانانە بە «پلانی دوژمنانی دەرەکی» لەقەڵەم دەدەن کە ویستوویانە ڕێوڕەسمی چلەی ئیمام حوسێن، ئیمامی شیعەکان، تێک بدەن و لە پێگە و سەنگی ئێران لەو دوو وڵاتە کەم بکەنەوە.

خۆپیشاندەران، کە زۆرینەیان شیعەن لە عێراق لە هەمبەر گەندەڵیی ئیداری و حکوومی، کەموکوڕیی خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبا و ڕێژەی باڵای بێکاری، ڕژاونەتە سەرشەقامەکان کە دواتر ویست و داخوازیی خۆپیشاندەران بەهۆی ڕەخنە و دژەی لایەنەکان گۆڕدران بۆ سیاسی و لە گەڕی دووهەمدا داوای هەڵوەشانەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق دەکەن. هاوکات لە لوبنانیش پرسی گەندەڵی و بێ کارەبایی لەسەرووی ویستی خۆپیشاندەرانەوە بووە.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە یەکەم کاردانەوە بە خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنان ڕایگەیاندووە: «ئەمریکا و تۆڕی هەواڵگریی ڕۆژئاوایی بە پاڵپشتیی پارەی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بەتەمان ئاسایشی عێراق و لوبنان تێک بدەن»، هاوکات حوسێن شەریعەتمەداری نوێنەری خامنەیی لە دامەزراوەی میدیایی کەیهان داوای داگیرکردنی باڵیۆزخانەی هەردوو وڵاتی ئەمریکا و سعوودیەی لە بەغدا کردووە.

مانشێتی میدیا ناوخۆییەکانی ئێران لەمبارەوە وەکوو ماڵپەڕی (فارس‌نیوز)ی سەر بە سوپای پاسداران نووسیویە: «ئامانجی ڕەوتی عیبری – عەرەبی پێشگیری بووە لە ڕێپێوان و ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی ئیمام حوسێن و هاوکات لە پشتی خۆپیشاندانەکەی عێراقدا ڕەوتی فیتنە و ئاژاوەی دەسەڵاتخواز و دێموکرات و لاییک و میانەڕەوەکان خۆیان حەشار داوە».

لەبارەی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان لە عێراق و لوبنان و ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوبیرەکانی بۆ ئەو خۆپیشاندانە، ئاژانسی (ئاسۆشیتێدپرێس) هەندێ زانیاریی لەبارەی نفووزی ئەمنیی ئێران بڵاو کردووەتەوە کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

## سەردانی قاسم سلێمانی بۆ بەغدا

یەک ڕۆژ دوای دەسپێکی ناڕەزایییە دژەحکومییەکان لە عێراق، قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودس (هێزی دەرەوەی سنوورەکانی سوپای پاسداران)، بە شەو سەردانی بەغدای کرد و بە هێلیکۆپتێری تایبەتی گەیشتە ناوچەی سەوزی بەغدا و لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەرپرسانی باڵای ئەمنیی عێراق کۆ بوویەوە و هەندێ لەو بەرپرسانە لەباتی بینین و بەشداریی سەرۆکوەزیران و بەرپرسانی ئاسایشی عێراق لە کۆبوونەوەکە، بە بینینی قاسم سلێمانی و گوێگرتن لە قسەکانی سەریان سووڕ ما.



قاسم سلێمانی کە بە ئەندازیاری پارێزەری ئاسایشی کۆماری ئیسلامی و سەرەداوی هەواڵگریی ئەو حکوومەتە لە ناوچەکە دێتە ئەژمار، ئامادەبوونی لەو کۆبوونەوەیە، نیشانەی نیگەرانی و ترسی ئێرانە لە تەشەنەسەندنی ئەو ناڕەزاییانە لە بەغدای پێتەخت و شارە گەورەکانی دیکە کە بە دڵی ناوچەی شیعە دادەنرێت، ترسی بەرچاوی ئێران لەو خۆپیشاندانە ئەوەیە کە یەکێک لە ویست و داخوازییە سەرەکییەکانی خەڵکی ناڕازیی عێراق، کۆتاییهێنان بە دەستتێوەردانی ئێران و چوونە دەرەوەی ئەو وڵاتەیە لە عێراق.

خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان لە عێراق و لوبنان پرسێکی ناوخۆیی و ناوچەییە و زیاتر ڕووبەڕووی بەرپرسانی باڵای سیاسی و قەوارەی ئەو دوو حکوومەتەیە کە تەژین لە گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و بێبەرین لە خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییانی خۆیان، بەڵام ئەو ئاڵۆزی و خۆپیشاندانانە هاوکات تەنگژە و قەیرانێکیان بۆ کۆماری ئیسلامیش دروست کردووە، چونکە ئێران هاوکات لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و لوبنانە، لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێک میلیشیای چەکدار و توندڕەو ئەو دوو وڵاتە لەلایەن ئێرانەوە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە پڕ چەک دەکرێن و ئایدۆلۆژییەکانی ئێران ڕەچاو دەکەن و لەڕاستای بەرژەوەندیی ئێران لە ناوچەکە دەجووڵێنەوە کە حیزبوڵای لوبنان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای بەدر لە عێراق لەو گرووپانەن.

سەرکوتی خۆپیشاندەران لە عێراق و کوژرانی زیاتر لە ٢٣٠ خۆپیشاندەر و هێزی ئەمنی و برینداربوونی زیاتر لە پێنج هەزار لە بەغدا، ناسریە، میسان و زیقار و کەربەلا و...، هاوکات هێرشی لایەنگرانی حیزبوڵای لوبنان بۆ سەر خۆپیشاندەران دوای سەردانەکەی قاسم سلێمانی بۆ بەغدا، بەرەبەرە نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێیەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لەو دوو وڵاتە لە خۆپیشاندان و ئاڵۆزی خۆیان دەرخست.

بە گوتەی دوو بەرپرسی باڵای ئەمنیی عێراق کە بۆ میدیاکان قسەیان کردووە لەو کۆبوونەوە نهێنییەی بەغدادا قاسم سلێمانی بە بەرپرسانی ئەمنیی عێراقی گوتووە: «ئێمە لە ئێران دەزانین چۆن چۆنی لەگەڵ ناڕەزاییەکان و خۆپیشاندەران بجووڵێنەوە، چونکە ئەو ڕووداوە لە ئێرانیش هاتە ئاراوە و ئێمە توانیمان کۆنترۆڵی بکەین».

سەرەڕای تێپەڕینی یەک مانگ بەسەر خۆپیشاندانەکانی عێراق، ناڕەزایی لە عێراق بەردەوامە و لە لوبنانیش سەرەڕای دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری سەرۆکوەزیر، هەر درێژەیان هەیە، ئەم ناڕەزاییانە هەردوویان ڕوویان لە دوو دەسەڵات و ئەو باڵ و کوتلانەی ناو عێراق و لوبنانە کە هاوپەیمانی ئێرانن.

یەک ڕۆژ دوای چوونی قاسم سلێمانی بۆ بەغدا، شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانی عێراق پەرەی سەندووە و بە دەستڕێژی قەناس بەدەستەکان بۆ سەر و سینگی خۆپیشاندەران تاکوو ئێستا لە مانگی ئۆکتۆبردا زیاتر لە ٢٣٠ خۆپیشاندەر و هێزی ئەمنی کوژراون کە بەپێی چەند گرتە ڤیدیۆیەک و وێنە کە بڵاو کرانەوە، چەند بەڵگەی پەیوەندیدار بە هێزەکانی سەر بە ئێران لەناو خۆپیشاندەران و چەند قەناس بەدەستێکی حەشدی شەعبی دەستگیر کران.

لەبارەی نەخش و ڕۆڵی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران و قاسم سلێمانی لە سیاسەتی ناوخۆیی عێراق، پێشتریش بە دەیان ڕاپۆرت و زانیاری بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەو وردەکارییانەی کە ئاژانسی (ئاسۆشیتێدپرێس) لەبارەی ئامادەبوونی لەو کۆبوونەوەیە ئەمنییەی ناوچەی سەوزی بەغدا، یەکێک لە ئاشکراترین ئاماژەکانی دەستتێوەردانی ئێران لە عێراق و ترسی ئەو وڵاتەیە لە پێگەی خۆی لە ناوچەکە.

هاوکات لەگەڵ حزووری قاسم سلێمانی لە بەغدا، فالح فەیاز، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و سەرۆکی میلیشیای حەشدی شەعبی کە سەرەکیترین گرووپی هاوپەیمانی ئێرانە لە عێراقدا، ڕایگەیاند ئەم گرووپە وەک هێزی پاڵپشت بۆ پێشگیری لە «کوودەتا و شۆڕش» ئامادەی بڕیارەکانی حکوومەتە.

لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە و خەڵکی ناڕازی ئاشکرایان کرد بۆ سەرکوت و بێدەنگکردن و ترساندنی خۆپیشاندەران هێزی سەر بە ئێران هاتووەتە مەیدان و چەند خۆپیشاندەرێکی دیکەش بە ئاژانسی (ڕۆیتێرز)یان ڕاگەیاندووە ئەوانەی تەقەیان لێکردوون ئێرانین و بە زمانی فارسی قسەیان کردووە.

## ئێران و میلیشیا سەربازییەکانی عێراق

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی عێراق لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، دەیان کەسی هێزی ئەمنی بە جلوبەرگی ڕەش و دەمامکدار لە پێشەوەی سەربازە عێراقییەکانەوە وەستابوون، ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە و گازی فرمێسکڕێژییان بەڕوودا پاژاندن و گوللەی مەشقییان بەکار هێنا و هەڕەشەی توندیان لە خەڵک دەکرد و بۆ بڵاوپێکردنی خەڵک باتۆمیان بەکار دەهێنا.

بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان دەڵێن گومانی تێدا نییە ئەو جلوبەرگ شەخسیانە عێراقی نین و بێگومان ئێرانین.

هشام ئەلهاشمی، شرۆڤەکاری سیاسیی عێراقی پێی وایە: «ئێران لەو خۆپیشاندانەی عێراق ترسی لێ نیشتووە، چونکە لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێران لەڕێگەی حیزب و میلیشیاکانی نزیک لە خۆیەوە توانی زیاترین دەسکەوتی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەناو دەوڵەت و پەرلەمانی عێراق دەستەبەر بکات.

ئێستا ئێران نایهەوێ ئەو دەسکەوتانە بە ئاسانی لەکیسی بچن، بۆیە لە هەوڵدایە لەڕێگەی ئەو حیزبە عێراقییانەی نزیکی خۆین، خۆپیشاندانێک بە شێوازی ئێرانی کۆنترۆڵ بکات، هەرچەند ئەو شێوازانە لە ڕابردوودا وەڵامدەر بووە، بەڵام ئێستا کاریگەر نییە و بیروڕای گشتیی خۆپیشاندەری خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی هێژموونیی ئێرانە لە عێراقدا.

## ئێران، لوبنان و حیزبوڵا

هاوشانی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی عێراق، لوبنانیش وەک یەکێکی دیکە لە وڵاتانی ناوچەکە شەپۆلێک لە ناڕەزایی و خۆپیشاندانی خەڵک دەستی پێکردووە، لێ جیاوازیی ئەو خۆپیشاندانانە لەگەڵ عێراق، ئەوەیە کە لەباتی توندوتیژی و دەستڕێژی گوللە بەڕووی خەڵکی ناڕازی، گۆڕەپانەکانی لوبنان ببووە ژوانگەی کچان و کوڕان و شوێنی سەما و شەوئاهەنگ و شێوازی ناڕەزاییەکان لەگەڵ عێراق زۆر جیاواز بوو.

بەڵام خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ عێراق جیاواز لە گەندەڵیی حکوومەتی و نەبوونی خزمەتگوزاری لە لوبنان، دیسان ئەو لایەنە لە حکوومەتی لوبنان کرایە نیشانە کە هاوپەیمانی ئێران و دیسان لەوێش ئێران ترسی لەدەستدانی پێگەی لە گۆڕێدایە.

لە لوبنانیش بە هەزاران خەڵکی ناڕازی ڕژانە سەرشەقام و لەدژی سیاسەتەکانی حکوومەت وەستانەوە و خوازیاری دەست لەکارکێشانەوەی دەوڵەت و باڵ و لایەنەکانی هاوپەیمانی ئێران بوو. ناڕەزاییەکانی لوبنانیش هاوشێوەی عێراق بە پلەی یەکەم دەگەڕێتە بۆ سیاسەتی ناوخۆیی و گەندەڵیی ئیداری کە نەیانتوانیوە لەڕاستای ویست و داخوازیی خەڵکدا بجووڵێنەوە و دەربڕی ئەوەیە حیزبوڵای لوبنان هاوپەیمانەکانی لەو وڵاتە کە هێزی سێبەری ئێرانن، نەیانتوانیوە ویستەکانی خەڵک دابین بکەن و نموونەیەک لە داڕووخانی پێگەی ئێران لە ناوچەکە.

هەرچەند دروشمی خەڵکی ناڕازیی لوبنان سەرجەم لایەنەکانی ئەو وڵاتەی بەبێ جیاوازی گرتەوە، بەڵام زیاتر ڕوویان لە سەرکۆمار (میشێل عەون) و سەرۆکوەزیران (ڕەفیق حەریری) و وەزیری دەرەوەی لوبنانە کە هەمووان سەر بە حزبێکی مەسیحیی هاوپەیمانی حیزبوڵا و حەسەن نەسروڵان.

حەسەن نەسروڵا سەرۆکی حیزبوڵا دوای چەند ڕۆژ لە ناڕەزاییەکان بە هەڕەشەوە هاتە مەیدان و گوتی چەند دەسەڵاتێکی دەرەکی خەریکن کەڵکی نابەجێ لەو ناڕەزاییانە وەردەگرن و لایەنگرانی خۆی لەو ناڕەزاییانە دەکشێنێتەوە و دواتر خەڵکی ناڕازی دژی حەسەن نەسروڵا و حیزبوڵا وەستانەوە و سەرەنجام خۆپیشاندانەکانی لوبنانیش هاوشێوەی عێراق توندوتیژیی تێکەوت، چونکە دەستیان بۆ پێگەی ئێران و هێزەکانی سەر بەو وڵاتە درێژ کرد.

پاش هێرشی خۆپیشاندەران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبوڵا لە بەیروت، چەند کاتژمێر دوای ئەو ڕووداوە ڕەفیق حەریری سەرۆکوەزیران دەستی لەکار کێشایەوە و خۆپیشاندەرانیش ئەمەیان وەک دەسکەوتێکی خۆیان کردە جێژن، هەرچەند بە بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری لە لوبنان هەندێ لە ئاڵۆزی و ناڕەزاییەکان کەم بوونەتەوە، بەڵام ئەمە سەرەتای قۆناغێکی دیکەیە لە بەهاری عەرەبی.

ڕووداوەکانی عێراق و لوبنان و خرۆشانی گەل ئەمجارە جیاواز لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و نادادپەروەریی حکوومەتەکان، ڕووی لە هەڵتەکانی پێگەی ئایدۆلۆژیی ئێرانی شیعەیە کە ساڵانێکە لە عێراق و لوبنان میلیشیا شیعەکان وەک سێبەری دەسەڵات و پێگەی خۆی بەکار دەهێنێت.

ئاخۆ لە داهاتووی ئەم دوو وڵاتەدا ئێران پێگە و سەنگی چۆن دەبێت؟

بۆچی کاتێک لە بەیروت و ڕامولا و غەزە و بەغدا و کەربەلا و نەجەف شیعە ڕادەچەنێ، ترس پەیکەری تاران و قوم و مەشهەد دادەگرێت؟

ڕاز و نهێنیی ئەم پەیوەندییە کەی دەردەکەوێت؟ کە دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی عێراق و لوبنان بین.

**قاسم سلێمانی بە بەرپرسانی ئەمنیی عێراقی گوتووە: "ئێمە لە ئێران دەزانین چۆن چۆنی لەگەڵ ناڕەزاییەکان و خۆپیشاندەران بجووڵێنەوە، چونکە ئەو ڕووداوە لە ئێرانیش هاتە ئاراوە و ئێمە توانیمان کۆنترۆڵی بکەین"**

**"ئێران لەو خۆپیشاندانەی عێراق ترسی لێ نیشتووە، چونکە لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێران لەڕێگەی حیزب و میلیشیاکانی نزیک لە خۆیەوە توانی زیاترین دەسکەوتی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەناو دەوڵەت و پەرلەمانی عێراق دەستەبەر بکات**

**بۆچی کاتێک لە بەیروت و ڕامولا و غەزە و بەغدا و کەربەلا و نەجەف شیعە ڕادەچەنێ، ترس پەیکەری تاران و قوم و مەشهەد دادەگرێت؟**

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

بەشی یەکەم

مریەم عەلیپوور

ئەو زنجیرە وتارە لەسەر ڕاهێنەری وەک سەفەرێکە کە مرۆڤ دەتوانێ لایەنە باش و خراپەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە و بارودۆخێکی ڕوون لەو دوو لایەنە دەستنیشان بکات. ئەوکات بە پێی ئەو بارودۆخە دەزانێت چ شێوازێک لە ڕاهێنەری پێویستە بۆ ئەوەی ببێت بەو کەسەی کە خۆی حەزی لێیە و پرۆسەی فێربوونی تایبەت بە کەسۆکی (شەخسی) دەستنیشان بکات کە لەوێدا ڕاهێنەر و فێرخواز (ئەو کەسەی دەیهەوێت شت فێربێت) پێکەوە هاوکاری لیپاولیپیان دەبێت و لە یەک نزیک دەبنەوە. لەوانەیە بە خوێندنەوەی ئەو زنجیرەوتارە بەو ئاکامە نەگەی کە مەبەست یان ئامانجت بووبێ، بەڵام یارمەتیت دەدا بۆ ئەوەی توانا، ئیرادە و ویستی خۆت بدۆزییەوە و بۆشاییەکی گەورەی سیستمی پەروەردە و ڕاهێنەری کە لە نێو کولتوری کوردیدا هەیە هەست پێ بکەی، ئەوەش ڕاستییەکە و نکۆڵی لێ ناکرێ.

یان لەوانەیە بە دڵی زۆر لە نووسەران و ڕاهێنەران نەبێت، بەڵام هەوڵی لێکۆڵینەوە و نووسینی پەرتووک یان وتاری دیکە لەو بابەتە دێنێتە کایەوە.

زۆر گەڕام بۆ بابەتی لەو شێوەیە (ڕاهێنەری) بە زمانی کوردی بەڵام بەرچاوم نەکەوت، تەنیا هێندێک نووسراوە بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسک لە لایەن دەروونناسانەوە نووسرابوون.

هەر لە سەرەتاوە دەمزانی نووسینی زنجیرەوتارێکی ئاوا کارێکی گرانە بەڵام زۆر بابەتی شیاوم لە سەر ڕاهێنەری بە زمانی نۆرویژی خوێندۆتەوە و بەشداری چەندین کۆرس و سیمینارم لە پێوەندی لەگەڵ ڕاهێنەری کردووە. بۆ نووسینی ئەو زنجیرەوتارە زیاتر لە دوو ساڵ ونیوە زۆر کتێبخانان گەڕام و زۆر لەو پەرتووکانەی کە پێوەندییان بە ڕاهێنەرییەوە هەبووبێت کڕیوە یان بە قەرزم وەرگرتوون و خوێندومنەتەوە، هەروەها کەڵکم لە زۆر پەرتووکی بێگانە وەک ژێدەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی، کارگێڕی، تێگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوروبەر، کاردانەوەی دەروونی، فێرکاری و ڕاهێنەری کە یارمەتی کارگێڕان (مدیر) دەدات بۆ ئەوەی لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن، وەرگرتووە.

ئەو پەرتووکانە وەک پەرتووکی وانە گوتنەوە لە خولی (کۆڕس) تایبەتدا کەڵکیان لێوەردەگیرێت (لە کۆتایی ئەو زنجیرەوتارەدا ئاماژە بە سەرچاوەکان دەکەم).

ئەو زنجیرەوتارە، هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی مێتودی ڕاهێنەری. هەوڵ دەدەم بە پێی توانا مێتودی ڕاهێنەری شی بکەمەوە و زۆر شێوازی جیاواز و هێڵە گشتییەکان و چەمکە سەرەکییەکانی گەشەکردنی مێتودی ڕاهێنەری باس بکەم. بۆ ئەوەی وەک ڕێکارنامەیەکی تا ڕادەیەک باش بۆ فێرکردن و ڕاهێنان کەڵکی لێوەرگیرێت. زۆر لەو شێواز و تەکنیکانە دەنووسم کە دەزانم بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ئێمە بە کەڵکن یان لە گەڵ کولتوری ئێمە دێنەوە.

ئەو زنجیرەوتارە یارمەتی بەرپرسێک دەدات بۆ ئەوەی:

- چ خۆی وەک بەرپرس و چ هاوکارەکانی پێ بگەیەنێت.
- زووتر شارەزای هەڵسوکەوت و توانای کاربەدەستەکانی بێت.
- چاوەڕوانی خۆی لە کاربەدەستەکانی و چاوەڕوانی ئەوانیش لە خۆی دەستنیشان بکات.
- بۆ ئەوەی باشتر و ئاسانتر هەست بە پێداویستی و ئامانجەکانی ڕێکخراو و ئەندامان یا کاربەدەستانی بکات.
- یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی زووتر بەئامانج بگات.
- یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای شێوازی کارکرد و کاردانەوەی هەستە دەمارەکانی تایبەت بە مێشک و زمان بێت.

من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە ئەو زنجیرەوتارە وڵامی هەموو پرسیارەکان و کێشە و گرفتەکانی ڕاهێنەری بۆ تۆ چ وەک ڕاهێنەر، چ وەک ئەندامی ڕێکخراوێک، یان چ وەک فێرخوازێک دەداتەوە. لە بەر ئەوەی پرۆسەی فێربوون و ڕاهێنان، پرۆسەیەك نییە تەنیا لەسەر تیئۆری (نظریە) دانرابێت، بەڵکوو بەشی هەرە زۆری ئەزموونکردنی تیئۆرییەکانە و سەلماندنی ئەو تیئۆرییانەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا. تێگەیشتن و دەرک کردنی تیئۆرییە زانستییەکان، هەنگاوێکە بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵگەی هۆشیار و زیندوو. کاتێک دەتوانین قسە لەسەر باش بوون و سەرکەوتنی ئەو زنجیرەوتارە بکەین کە لە فێرکردنی تیئۆرییە ڕاهێنەرییەکان و زانستییەکاندا ڕۆڵێکی باشی بۆ تێگەیاندنی خوێنەر هەبووبێت.

لە بەر ئەوەی تێگەیشتن لە تیئۆرییە ڕاهێنەرییەکان ڕێگایەکە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە تا بێ‌ترس و بێ‌دڵەڕاوکێ بەرەو گۆڕانکاری هەنگاو هەڵێننەوە.

من لەو بڕوایەدام، ئەو زنجیرەوتارە یارمەتیدەرێکی سەرەتایی دەبێ و توانای ئەوەت پێ دەبەخشێت کە باشتر ڕەهەندە قورسەکانی هزری فێربوون و ڕاهێنان فام (دەرک) بکەی. ئەو زنجیرەوتارە کۆمەڵێک ڕێنوێنی بۆ گەشەکردن و ڕاهێنان لەخۆ دەگرێت کە تۆ چ وەک ڕاهێنەر و چ وەک فێرخواز دەتوانی بە کەڵکوەرگرتن لەو ڕێنوێنییانە زۆربەی کێشەکانت کەم کەیەوە و گەشە بە توانایی و زانیاری خۆت بدەی.

خوێندنەوەی ئەو زنجیرەوتارە یارمەتیت دەدات تا لە کار و کردەوەکانی ژیانی ڕۆژانەت و کاری ڕێکخراوەییتدا هەست بە بەرپرسایەتی بکەی و هەردەم چاوەڕێ نەبی تا کەسانی دیکە بەرپرسی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنت لە کارەکاندا بن. دەبێ هەوڵ بدەی تواناکانی فێربوون و زانین لە نێو خۆتدا پەرە پێ بدەی. وەک ڕاهێنەرێک گرنگە ئەو زنجیرەوتارە بە وردی بخوێنییەوە و ڕاهێنەری بەو شێوەیەی لە نێو وتارەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ هەنگاو بە هەنگاو و بە پێی ڕادەی توانایی و هەست و ئیرادەی فێرخوازەکە کەڵکی لێوەرگری.

ئامانجی سەرەکی من لە نووسینی ئەو زنجیرەوتارە ئەوەیە کە بەشداری لە ڕەهەندێکی هەستیار و پڕ بایەخی کۆمەڵگەکەم کردبێت و بەهەست کردن بەو بۆشاییە و هەستی ئەرکداریم بەرامبەر بە نەتەوەکەم ئەو هەوڵە چوکەی خۆم لە سەر نووسینی مێتودی ڕاهێنەری بخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.

بەشێوەی وێنە

هەوڵ دەدەم لە هێندێک بەشدا بە وێنە شتەکان نیشان بدەم، لەبەر ئەوەی وێنە تۆمار کردنی ڕووداوێک یان بابەتێکە و ماناکانیش لە فۆڕم یان چوارچێوەی (قاڵبی) وێنەدا زۆر ڕوونتر و بەبێ لێڵی و شاراوەیی دێنە بەرچاو و تێڕوانین. دەتوانین بڵێین بە گشتی لەو زنجیرەوتارەدا وێنە ئامرازیکە بۆ دروست کردنی پێوەندی لە نێوان بابەتەکە و خوێنەر یان نووسەر و خوێنەر. یان بە واتایەکی تر وێنە ئەو شتە ڕاست و بەدوور لە خەون و خەیاڵەیە کە لە سەر تێنووس (کاغەز) تۆمار دەبێت و ئێمەش بە چاوی خۆمان دەیبینین.

وێنە تەنیا دیالۆگ نییە لەگەڵ هەستی بینین بەڵکوو هەر وەک فەیلەسوف و نووسەری ئاڵمانی ئارتۆر شۆپنهاوەر دەڵێت:
Arthur Schopenhauer
«وێنە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر هزر و تێڕامانی ئێمەی مرۆڤەکان هەیە»، هەر بۆیە بە شێوەیەک یان بەواتایەکی دیکە وەک سێبەرێک لە نێو مێشکی ئێمەدا دەچەسپێت کە نەک ئاسانتر لە خوێندنەوەی بابەتەکە بەرجەستە دەبێت بەڵکوو وەک دیمەنێک زووتریش دێتەوە بیری مرۆڤ و کاتێکی زۆریشی دەوێت تا مرۆڤ لە بیری بکات.

و پێکەوە دژی هێرشی تورك وەستانەتەوەو بەڵام ماڵی کورد لە ڕۆژئاوا یەك نەبوو و نیە.

ئەمەش خاڵی لاوازی هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسی و وڵاتێك لەبەرانبەر دوژمنەکانیەتی.پازڵی ڕۆژئاوا زۆر ئاڵۆزە. تورکیە بە هیچ شێوەیەك رزایەت نادات کە یەپەگە و هێزەکانی لە سەر سنوورەکانی بن. ئامریکاش نیشانی داوە کە لە پشتی تورکە بۆ ئەم مەبەستە.

ڕەنگە ڕووس و سوورییەکان سنوورەکان بگرنەوە دەست کە ئەمیش دەتوانێت داهاتوویەکی ناڕوونی بۆ کورد و خواستەکانی لەم وڵاتە بە دواوە بێت. بەداخەوە نەبوونی یەکگرتوویی ناو ماڵی کورد وایکردووە کە ئێمە هەر لە تراژدیادا بژین و هەر تراژدیاشمان بە سەردا بێت.

بەڵام تراژدیاکان وێڕای هەموو تاڵبوون و بەزامبوونیان تاهەنووکەش نەیان توانیوە کورد بتوێننەوە و تەنانەت کوردیش وانەی لێوەر نەگرتوون.

تراژدیای کورد،ڕاستیەکی تاڵی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە. کوردەکان گەردۆستیشان بێت بەداخەوە خۆیان دۆستی خۆیان نین.




# دیوی ئەوبەری ناڕەزایەتیەکان لە عێراق و لوبنان

کەیهان یووسفی

ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە عێراق و لوبنان دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دە ڕۆژ هێشتا بەردەوامە. دوو وڵات کە کۆماری ئیسلامی وەکوو قووڵایی ستراتژیکی خۆی پێناسەی دەکات و گرووپەکانی هاوپەیمانی ڕێژیم لەم دوو وڵاتەدا خاوەن گرنگی و بایەخێکی زۆرن بۆ بەرەوپێشبردنی زێدەخوازی ناوچەیی ڕێژیم. ناڕەزایەتییەکان تەنانەت شارەکانی نەجەف و کەربەلاشی لە عێراق گرتۆتەوە، شارانێك کە سەردەمانێك کۆماری ئیسلامی ئیدیعای دەکرد ڕێگەی قودس لەوێوە تێدەپەڕێ و لەم ساڵانەی دواییدا و دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسەین، سامان و پارەیەکی زۆری بۆ شوێنە ئایینییەکان سەرەف کرد. لە هەر دوو وڵاتی لوبنان و عێراقدا، دژایەتی لە گەڵ حکوومەتی ئەم وڵاتانە، دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و ئایدۆلۆژی ئەم ڕێژیمەش لەخۆ دەگرێت و خۆپیشاندەران ڕاستەوخۆ دروشمی دژە ڕێژیم و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەر شەقامەکان دەڵێنەوە. لە لوبنان دوای بەهێزبوونی حیزبوڵڵا، وەکوو باڵی تیرۆری ڕێژیم لەم وڵاتە و ناوچە و شوێندانەری لە بیاڤی سیاسی ئەم وڵاتەدا، ئێران دەستی بۆ دەستێوەردان لەم وڵاتە کراوەتر بوو و تەواوی هەوڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە ئاراستەی سیاسی ئەم وڵاتە هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات و لوبنان وەکوو گۆڕەپانی شەڕ و هەڕەشە دژی ئیسراییل بە کار بێنێ. ئەگەرچی نوێنەر و ڕێبەرانی حیزبوڵا بە شێوەی ڕاستەوخۆ جڵەوداری دەسەڵات لەم وڵاتە نین، بەڵام حیزبوڵا هەنووکە هێزی پشتی پەردەی بڕیاردانی سیاسی ئەم وڵاتەیە وسازانی بۆ دەسەڵاتداری لەگەڵ لایەن و کەسانێکە کە زامنی پاراستنی خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەم گرووپە بێت کە ئەویش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. هەر بۆیەش خۆپیشاندانەکانی ئەم وڵاتە دژی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی حیزبوڵایە کە بە چەشنێك بۆتە نەهامەتی بۆ هاووڵاتییانی لوبنانی وئاسایش و خۆشبژێوی ئەوانی تووشی مەترسی کردووە.

بەڵام لوبنان و حیزبوڵا خاوەنی گرنگییەکی تایبەت و ستراتژیکن بۆ ڕێژیمی ئێران و ئەوەی ئێران هەوڵی بۆ دەدات ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکان بخاتە خزمەت ئامانجەکانی خۆی، یاکوو بە سەرکوت و کپ کردنی دەنگی خۆپیشاندەران کۆتایی پێ بێنێت. چوار دەیە دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئێران سەلماندوویەتی کە سیاسەتی ئەم ڕێژیمە، سیاسەتی تێکدەرانە و ناسەقامگیرییە نەك ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیری. ئەم ڕێژیمە نە لە ئێران توانیویەتی سەقامگیری و ئاوەدانی جێگیر بکات و نە لە وڵاتانی دیکە. شەڕ و ئاژاوەگێڕی و دۆخی نائاسایی هۆکاری مان و بوونی ئەم ڕێژیمەیە. لە دوای ڕووخانی سەدام، ئێران بووە کاراکتەری سەرەکی و شوێندانەر لەم وڵاتەدا. شێعەگەری توانی ڕۆڵێکی بەرچاو بەم ڕێژیمە ببەخشێ و گرووپ و حیزبەکانی سەر بە ئێران بە چەشنێك بڕیاردەری سەرەکی لە عێراق بن. ئێران شەڕی داعشی وەکوو هەلێك بۆ پەرەپێدان بۆ بەهێزکردنی شوێن پێی خۆی گواستەوە و هاوچەشنی پێکهێنانی سپای پاسداران، حەشدی شەعبی لەم وڵاتەدا پێکهێنا، هێزێك هاوتەریبی سپای ئەم وڵاتە کە دوای تەواو بوونی شەڕی داعش هەڵنەوەشاوە و هەنووکە سەرکوتی خۆپیشاندەرانی عێراقی لە ئەستۆی ئەم هێزە و قەناس بەدەستە تیرۆریستەکانی سپای پاسدارانە. بە هەمان شێوەش ئەندامانی حیزبوڵا لە لوبنان خۆپیشاندەرانی ئەم وڵاتە سەرکوت دەکەن.

کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی سەقامگیری نییە و بوونی قەیران و دوژمنی دەرکی وەکوو خوێنی دەمار بۆ مانەوەی بەپێویست دەزانێت.

**ئێران لە ناڕەزایەتییەکانی لوبنان و عێراقدا بە دوای چ دەگەڕێت؟**

هەروەك باسکرا ئەم دوو وڵاتە وەکوو قووڵایی ئیستراتژیکی کۆماری ئیسلامی بە ئەژمار دێن.

گرووپەکانی سەر بەئێران لە لوبنان و عێراق هەندێك جیاوازییان هەیە. لە عێراق بە هۆی ئەوەی پێکهاتەی ئەم وڵاتە زۆرینەی شێعە و سەر بەئێرانن، گرووپ و تاکەکانی سەر بە ئێران بەشێوەی ڕاستەوخۆ کورسی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و ئێران کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر سیاسەتداڕێژی لەم وڵاتە هەیە. هەر بۆیەش بە نیسبەت ئەم خۆپیشاندانەوە دوو گریمانە لە ئارادایە: یەکەم خۆپیشاندانەکان دژی گەندەڵی سیاسی و دۆخی نالەباری ئابووری ئەم وڵاتە و هەروەها ڕاماڵینی دەستێوەردانی ئێران و گەڕانەوەی سەروەری نەتەوەیی بۆ عێراقە، کە ڕەنگە لە ڕواڵەتدا ئەمە خواستی زۆرینەی خۆپیشاندەران بێت و ئەم داخوازییە لە خۆپیشاندانەکانی لوبنانیش بەدی دەکرێت. گریمانەی دووهەم ئەوەیە کە ئێران بە چەشنێك خۆی دەوری لە هەڵخرانی ئەم خۆپیشاندانەدا هەبێت. دوای ئەوەی دۆسیەی شەڕی داعش لەم وڵاتە واتە عێراق بە چەشنێك داخرا و دۆخی ئاسایی لە وڵات ڕاگەیەندرا، بوون و نەبوونی حەشدی شەعبی بوو بە بابەتێکی سەرەکی لەم وڵاتەدا و بڕیاری تواندنەوەی ئەم هێزە لەنێو سپای وڵات و داخرانی بنکەکانی ئەم گرووپە درا. ئەمە بەچەشنێك دژی پلانەکانی کۆماری ئیسلامی بوو لە عێراق و سنووردار کردنی هێژمۆنی پاسدار قاسم سلێمانی لەم وڵاتە. هەروەها یەکێك لە سیناریۆکان کە لەم ڕۆژانەدا باسی لێوە دەکرێت ئەوەیە کە سیستمی پارلمانی ئەم وڵاتە ناکارامە نیشان دەدرێت و باس لە سیستمی سەرکۆماری بۆ وڵات دەکرێت کە بە هۆی ئەژماری زۆرینەی شێعە و هاوپەیمانەکانی ئێران لەم وڵاتە ئەمەش بە قازانجی ئێرانە. دابەشبوونی پۆستە سیاسییەکان لە عێراق لە سەر بناغەی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە واتە شێعە، سوننە و کوردە. لە لوبنانیش بە هەمان شێوەیە لە نێوان مەسیحی و سوننە و شێعەیە. ئێران بەهیچ شێوەیەك خوازیاری پارچەپارچە بوونی عێراق نییە، بەڵام پێی ناخۆش نییە کە سیستمێك لە عێراق بێتە سەر کار کە هەم گوێڕایەڵی ئەوان بێت و هەمیش یاسای بنەڕەتی عێراق پارێزەری بێت، سیستمێکی یەکدەست کە خاوەنی بڕیاردانی یەکلاکەرەوە بێت بە چەشنی جارانی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد لە سووریە. ئێران لە لوبنان و عێراق بە دوای فراوانکردنی جێی پێی خۆیەتی و هەر بۆیەش گریمانەیەك ئەوەیە کە لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا بە دوای گۆڕانکاری سیستمی دەسەڵاتداری بە قازانجی خۆی بێت. عێراقی یەکپارچە بە دەسەڵاتێکی هاوپەیمانی ئێران و لوبنانێك لە ژێر هێژمۆنی حیزبوڵا باشترین گەرەنتی بۆ مانەوەی ڕێژیم و هەروەها بەهێزبوونی هێژمۆنی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەیە.

# بە بێ بەشداری کورد لە مۆسکۆ و واشنگتۆن و ئانکارا بڕیار لە سەر چارەنووسی کورد درایەوە!

محەممەد سلێمانی

سەرەڕای کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان و زەقبوونەوەی پرسی کورد وەك کێشەیەکی سیاسی و مێژوویی لەسەر ئاستی ناوچەیی و گێتیدا، هێشتا زلهێزەکان بە بێ ئاگاداری و بەشداریکردنی نوێنەری خەڵکی کوردستان لە مۆسکۆ و واشنگتۆن و ئانکارا و بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی تری داگیرکەری کوردستاندا، کۆتابڕیار لە سەر داهاتووی سیاسی گەلی کورد دەدەن کە ڕوونە کێشەکان بەو جۆرە چارەسەر ناکرێن.

کاتێك ئەو ناوچەیە و وڵاتانی وەك ئێران و تورکیە و سووریە و عێراق بە تەواوی ئارامی و سەقامگیری سیاسی بە خۆیانەوە دەبینن کە پرسی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد چارەسەر بکەن و بە سیاسەتی، دێزە بەدەرخۆنەکردن، ناکرێ خۆیان لە قەیرانەکان بشارنەوە و ئاوڕ لە مەسەلەی کورد نەدرێتەوە. بارودۆخی سیاسی و هەرێمایەتی بە گشتی ئەوە دەخوازێ کە مەسەلەی نەتەوایەتی بە ڕێگای گونجاودا هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ بدرێ و هەریەك لەو دەسەڵاتانە، بیانهەوێ بە ڕێگای سیاسەتی ستەمکارانەدا بەسەر ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا زاڵ بن، دووبارە هەڵەیەکی گەورەی مێژووی دەبنەوە. چوونکە بە درێژایی مێژووی ئاڵۆزییەکان ئەوەیان بۆ نەچۆتەسەر و بێگومان لە داهاتووشدا تێیدا سەرکەوتوو نابن. مەسەلەی کورد بابەتێك نییە لە دەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان کە بە بێ ڕەچاوکردنی خواستی کورد، چارەسەر بکرێ. پاشان ئەو ڕێککەوتنانەی کە بۆ ئەو مەبەستە واژۆکراون، بە شێوەیەکی گشتی باسی کێشەی بەینی حکوومەتی تورك و سووریە لە گەڵ گەلی کوردی تێدا باس نەکراوە و بەڵکوو نێوەرۆکی پێکهاتنەکانی سووچی و ئانکارا، زیاتر لە بەرژەوەندی سیاسی و هەژموونخوازی دەوڵەتەکانی پاراستووە و وەك ئەوەی ئەو کێشە هی بەینی ڕووسیە و تورکیە بێ!

هەرچەندە کرێملین بە قسە، خۆیان بە لایەنگری چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد نیشان دا و بۆ دڵنەوایی کوردی ڕۆژاوای کوردستان لە قسەکانیاندا، سووکە ئاوڕێکیان لێ داوەتەوە و وەك ئەوەی خێریان پێ بکەن، ڕایانگەیاندووە کە دەبێت مافی کورد لە دەستووری سووریەدا جێ بگرێ. ئیدی ئاماژە بە ڕۆڵی کورد و ڕادەی ئەو مافەی کە پێیان دەدرێ باس نەکراوە و بۆ کەس ڕوون نییە ڕووسیە چی لە خەیاڵدایە بە کوردەکانی بدات بە نوێنەرایەتی دیمەشق! کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئامریکا لە کوردستانی ڕۆژئاوا، هاوکێشە سیاسی و ناوچەییەکانی لە بەرژەوەندی ئەردۆغاندا گۆڕی و ترامپ لە گەرمەی ئاڵۆزییە سیاسییەکانی نێوان هەسەدە و تورکیەدا، پشتی کردە کورد و بە تەنیای بە جێ هێشتن. بەو هۆیەوە دەرفەت بۆ دەوڵەتی ئانکارا ڕەخسا هەتا بە خێرایی دەست بە هێرشەکەی بکا و بڕواتە نێو خاکی کوردستانی ڕۆژئاوا.

سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەو بڕیارەی جگە لە زیان گەیاندن بە متمانەی وڵاتەکەی و گومان دروستکردن لە سەر سیاسەتی دەرەوەی واشنگتۆن و هاوکاری و پەیوەندی وڵاتەکەی لە گەڵ باقی دۆست و هاوپەیمانەکانی لە سەر ئاستی ناوچەیی و گێتیدا، لێکەوتەیەکی تری نەبووە و گەلی ئامریکا بە توندی ئیدانەی بڕیاری تاکلایەنەی ترامپیان کرد و شەپۆلی پشتیوانی گەلی ئامریکا بۆ خەڵکی کوردستان، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. گەلی ئامریکا و زۆربەی ناوەندە بڕیاربەدەستە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بەچاوی ڕەخنە و نائومێدییەوە لە هەنگاوەکانی داهاتووی سەرکۆماری وڵاتەکەیان دەڕوانن و بە کەسێکی نەزانی سیاسی و نەبوونی ستراتیژی درێژخایەن بۆ ئامریکایان وەسف کرد و لەو بڕوایەدان کە بەو جۆرە هەڵسوکەوت و ڕوانینی خێرا سەبارەت بە هاوکێشە سیاسی و نێونەتەوەییەکان، زیانی گەورەی بە متمانەی کۆشکی سپی گەیاندووە؛ بەشێك لە دۆستە گرینگ و مێژووییەکانیان لە خۆیان نائومێد کردوون و پێگەی ئامریکا بەرەو لاوازی دەبات. کشانەوەی ئامریکا لە سووریە بێگومان ئەو دەرفەتەش بۆ حکوومەتی ئاخوندی هێناوەتە ئاراوە کە زیاتر چێرەگرتوو بێ و گوێ بە هەڕەشە و قسەکانی ترامپ نەدا، چوونکە هەر سات بە جۆرێك سیاسەتی وڵاتەکەی ڕادەگەیەنێت. بە هۆی ئەو کردەوە سیاسی و بیرنەکردنەوە و بڕیارە لەناکاوەکانی، لە لایەن ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی ئامریکا بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر فشار و ئەگەری زۆری هەیە ڕووبەڕووی دادگا بکرێتەوە.

هێرشی ئەو جارەی ئانکارا بە پێچەوانەی داگیرکردنی عەفرین، کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەرفراوانی بە دوای خۆیدا هێنا و زۆربەی وڵاتانی بڕیار بەدەستی سیاسی ئیدانەی توندی سیاسەتی شەڕانگێزی و کۆمەڵکوژی گەلی کورد بە هۆی هێرشەکانی تورکیەیان کرد و داوای ڕاگرتنی خێرای ئەو هێرشەیان لە ئەردۆغان کرد و هەر بۆ ئەو مەبەستە و کۆتاییهێنان بە ئاڵۆزییەکانی نێوان ئانکارا و گەلی کورد، وەفدێکی باڵای کۆشکی سپی سەردانی ئانکارای کرد کە بوو بەهۆی ڕێککەوتن و ڕاگەیاندنی ئاگربەست بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ. هەر بەدوای ئەو ڕێککەوتنەدا لە سووچی ماوەی ئاگربەستەکەیان بۆ شەش ڕۆژی تر درێژ کردەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاری پۆلیسی ڕووسیە و دیمەشق کارئاسانی بۆ هێزە کوردییەکان بکرێ هەتا هێز و چەکەکانیان لە سەر سنوورەکان بەرەو قووڵایی ناوچەکان بگوازنەوە. پرسی سیاسی کورد وەك مەسەلەیەکی گرینگی نێودەوڵەتی بەدوای ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژئاوادا، گەیشتۆتە سەر مێزی ئەو وڵاتانەی کە لە مێژووی سیاسی و داڕشتنەوەی قەوارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی و کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەمدا، بە کۆمەڵێك بڕیار و ڕێککەوتنی سیاسی و ئابووری و هەژموونخوازی ژێربەژێردا، چارەنووسی ئەو گەلەیان بە ئەمڕۆ گەیاندووە کە دەوڵەتی تورکیە لە وڵاتێکی تر دەچێت هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتی دێمۆکراتیك و ئازادیخوازی کوردستان. حکوومەتەکانی تاران و ئانکارا لە لەنێوبردن و دژایەتیکردنی شۆڕشەکانی کوردستان پێکەوە هاوکاری دەکەن و لە کوێ گەلی کورد لە سەرکەوتن نزیك بێتەوە، ئەو دوو وڵاتە بە ئاشکرا دژایەتی دەکەن و هێرشی دەکەنە سەر.

گەلی کورد پێویستە زۆر بە سەلیمی و وشیارییەوە بەرەوڕووی ئەو کاتە هەستیارە ببێتەوە و کارێک نەکرێ زیان بە پەیوەندییەکانی کورد و گەلی ئامریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بگەیەنێت. سیاسەتی هەڵەی سەرکۆماری ئامریکا بێگومان زیانی زۆری بە متمانەی ئەو وڵاتە گەیاند و بەشێك لە هاوپەیمان و دۆستە سیاسی و مێژووییەکانی واشینگتۆنی، لە گەڵ گومان بەرەوڕوو کردەوە و پێدەچێت ئیسرائیل یەکێك بێ لەو وڵاتانەی کە بە نائومێدییەوە بڕوانێتە داهاتووی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی لە گەڵ ئامریکادا. لە ئێستادا جگە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پشتیوانی زۆربەی شەقامی ئۆرووپا و کۆمکاری عەرەبی، گەلی ئامریکا زۆر بەجیددی ئیدانە و شەرمەزاری ئەو بڕیارەی سەرۆکی وڵاتەکەیان لە هەمبەر کورددا دەکەن و وەك یەکێك لە باشترین دۆستەکانی خۆیان وەسفی دەکەن و، شەپۆلی بەدەنگەوە هاتنی ئەو جارەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێگومان شوێن و کاریگەری لە سەر داهاتووی سیاسی جووڵانەوەی کورد دەبێت. ڕێژیمی تاران لە سووچێکەوە خۆی مەڵاس داوە و بە هەموو شێوەیەک دەفیکری ئەوەدایە کورد لە گەڵ ئامریکادا بەگژ یەکدا بکات و پاشان بەربێتە گیانیان و ئەو ئەزموونەی کە لە باشوور ماوە بە گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی و سازان لە گەڵ ئانکارا و بەغدا لە نێوی بەرن. ڕێبەرانی سیاسی کوردستان زۆر گرینگە بە باشترین شێوە سوود لە بارودۆخی ڕەخساوی نێونەتەوەیی وەربگرن و هەوڵ بدەن مەسەلەی کورد بگەیەننە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوێ داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشە لەمێژینەیە بکرێ. ئەگەر کورد بە ژیری و بەرچاوڕوونییەوە کەڵک لەو دۆخەی ئێستا وەربگر، بێگومان دەتوانێت هەنگاوی زۆر باش بنێ و مەسەلەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا بە نێونەتەوەیی بکرێ و هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ بدرێ.

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر لێدوان و شیکردنەوەی سیاسی سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی گەلی کورد، ئەوکات باشتر لە جەوهەری ڕووداوەکان دەگەین کە مەسەلەی کورد بۆتە کێشەیەکی گەورەی جیهانی و زۆربەی بڕیاربەدەستە سیاسی و نێونەتەوەییەکان لەو بڕوایەدان کە لە ڕابردوودا زلهێزەکان بە هۆی بڕیارگەلێکی سیاسی و ژێربەژێریان زیانیان بە کورد گەیاندووە و هەر ئەو وڵاتانە ڕێگر بوون لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان و بەزۆرەملی بە ئێران و تورکیە و عێراق و سووریەیان گرێداون. ئەگەر تۆزێك لە ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژە ورد ببینەوە، بەداخەوە دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ، چوونکە لە ڕابردووشدا بە بێ ئاگاداری و گوێگرتن لە نوێنەرانی گەلی کورد بڕیاریان لە سەر چارەنووس و دوارۆژی گەلی کورد داوە، هەر وەك دیسان لە کۆبوونەوەی لوتکەی سووچی و ئانکارادا دووبارە بوویەوە. لەو دوو دیدارە جیاوازەدا کە یەکیان لە ڕووسیە و ئەوەی تریان لە تورکیە سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد پێک هاتن، نوێنەری خەڵکی کوردستان بۆ هیچ کامیان بەشدار نەبووە کە باسی کێشەکانیان بکەن. نەوەك وڵاتان یان دژبەرەکانی کورد بێن خاڵ و ماددەی بەسەردا فەرز بکەن. ئەو بابەتە زۆر مەترسیدارە و بەگشتی ڕێبەرانی سیاسی لە سەرئاستی نێونەتەوەییدا پێویستە لەسەر ئەو خاڵە کار بکەن و ئیدانەی ئەو جۆرە سازان و ڕێککەوتنە بکەن کە بە بێ ئامادەبوونی کورد دەکرێن. گەلی کورد بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی خۆی هاوار دەکات کە چارەسەری پرسی کورد، سەربازی نییە و دەکرێ بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیدا ڕێککەوتن لە گەڵ ئەو وڵاتانەدا بکرێ کە خاکی کوردستانیان بە سەر خۆیاندا، بەش کردووە. هەنگاوی یەکگرتووانەی دیپلۆماسی سیاسی گەلی کورد بە ڕێگای خۆپێشاندانی بەرفراوانی جەماوەری لە سەر ئاستی کوردستان و هەندەران و ڕوانینی ژیرانەی ڕێبەرانی سیاسی کوردستان لە هەمبەر مەترسییە سیاسییەکانی وڵاتانی داگیرکەردا، دەرفەتی کردنەوەی زۆر دەرگای داخراوی بە ڕووی کورددا خستۆتەسەر پشت، بە مەرجێك بتوانن بە باشترین شێوە سوودی لێوەربگرن.

## مادده سڕکەرەکان و کۆمەڵگە

شەماڵ تەرغیبی

ماددەی سڕکەر یان بێهۆشکەر ناوێکی گشتییە بۆ کۆی ئەو دەرمانە سروشتی و شیمیاییانەی کە بەهۆی چێکردنی بەستراوەیی دەکەونە خانەی مادده ئێعتیادهێنەرەکان کە جۆرەکانی زۆرن و بە چەندین شێوازیش پێک دێن؛ مەسرەف و بەکارهێنانی ئەم ماددەگەلە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر سیستمی دەمار و مێشکی مرۆڤ دادەنێن و دەبنە هۆی سڕبوون و نەمانی وریایی و وشیاری تاک کە دواجار نەخۆشییەک بەناوی ئێعتیاد و تاکێک بە ناوی مۆعتاد ڕادەستی کۆمەڵگە دەکەنەوە. لە مێشکی هەموو تاکێکدا بەشێک بوونی هەیە کە بەناوی وەرگر دەناسرێ و مادده سڕکەرەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەم بەشە دادەنن. ماددەی سڕکەر پاش بەکارهێنانی دەچێتە نێو سیستمی پێوەندیووەرگرتنی مێشک و ڕەوتی ئاسایی هەناردن، وەرگرتن و لێکدانەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی خڕۆکە عەسەبییەکانەوە تووشی کێشە دەکات. پێکهاتەی شیمیایی هەندێ لە مادده سڕکەرەکان لەوانەش هێرۆئین و ماریجوانا هاوشێوەی نۆڕۆنە هەناردەکارە سروشتییەکانی مێشکە کە نۆڕۆنەکان دەورووژێنێت. تاکی مۆعتاد خۆی لە هەموو کەسێکی تر بە ژیرتر و ئاگاتر دەبینێ و پێی وایە هەموو گرفت و کێشە و هەڵەکانی ڕابردووی بەهۆکاری گوێنەدانی لەلایەن کەسانی دیکەوە بووە چوونکە بەرجەستەترین تایبەتمەندی دەروونی تاکی تووشبوو بریتییە لە جۆرێک لە «نارسیسیزم» یان خۆشەیدایی. ئەو کەسانە لە سەرەتای تووشبوونیاندا هاوڕێی خراپ، هاوسەری نەگونجاو یان هەڵسوکەوتی نابەجێی بنەماڵە وەک هۆکارەکانی تووشبوونیان بە مادده سڕکەرەکان دەبینن. هەروەها فرەوێژی و هەندێک جاریش درۆکردن بەشێکی ترن لەو خاڵە جەوهەرییانەی کە تاکی نەخۆش تێیدا بەرجەستە دەبێتەوە. زۆربەیان کاتێک کە باسی ژیانیان لەگەڵ دەکەیت لە وڵامدا باس لە جۆرێک لە نێهیلیزم یان پووچگەرایی دەکەن و ئەم تێڕوانینەیان کە بەهۆی ئێعتیادەوە هاتووەتە ئاراوە دەبەستنەوە بە جیهانبینییەکی وردی فەلسەفی خۆیان و بەرزبوونی ئاستی تێگەیشتوویان کە ئەم ڕوانینە، تاک توشی خەمۆکی قووڵ، خۆکوژی و خۆلەپەراوێزخستن و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە دەکات. بە زیادبوونی ڕێژەی مەسرەفی مادده سڕکەرەکان، کە هەندی جار بۆ ڕابواردن و تێپەڕینی کات سەیری دەکەن، گۆڕانکارییە ئاکارییەکانیان زیاتر و زیاتر دەبن کە دیارترینیان بەمجۆرەیە: زیادبوونی ڕێژەی ترسە دەروونییەکان، لاوازبوونی هەرڕۆژ زیاتری جەستەیی، زووهەڵچوون و تووڕەیی لەناکاو، نەمانی سەقامگیری کەسیەتی و دەروونی، نەمانی متمانە بە خەڵکی دەوروبەر و هەروەها نەمانی هەست بە بەرپرسایەتی کردن بەرامبەر بە تاکەکانی دەورووبەر و ..... لە هەموو جیهاندا و بەتایبەت لە وڵاتانێکی وەک ئێران کە بۆخۆیان لە ڕێڕەوی ترانزیتی مادده سڕکەرەکاندان یان بوونەتە ماکەی سازکردنی جۆرەکانی ماددەی سڕکەر، بەمەبەستی بنبڕکردن یان لانیکەم کەمکردنەوەی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە کە بۆخۆی دەبێتەهۆی چێبوونی دەیان ئاریشەی تری دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی، ناوەند یان ناوەندگەلێک دادەمەزرێنێن کە لەلایەکەوە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییانە بدرێت و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردە لە نێو کۆمەڵگە بدرێت. ئەگەر وەها گریمانە بکرێت کە ئەم ناوەندانە پاش سەرنجدانی وردی لایەنە پێوەندیدارەکانی وەک دەوڵەت و تەرخان کردنی بودجەی پێویست و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە بە پلاندارێژییەوە بچنە نێو پرۆسەکە، وەک ئەوەیکە لە چینی پاش شەڕی تریاک بینرا، دەکرێ هیوایەک لەمەڕ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی نەخۆشی ئێعتیاد بێتە ئاراوە بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر دەسەڵاتبەدەستانی ئەو وڵاتە کە تووشی ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە بووە، بۆخۆیان بەشێک بن لە کارتێلی پڕداهاتی سازکردن و فرۆشتن و هەناردەکردنی ماددەی سڕکەر، بۆ نموونە وڵاتی ئێران، ئەوا بەدڵنیاییەوە نەتەنیا ئەم خەسارە ماڵوێرانکەرە کۆتایی بۆ نییە بەڵکوو زیاتریش پەرە دەستێنێ.

هەر لەم پێوەندییەدا وڵاتانی ئۆرووپایی و ناوەندە حکومەتی و ناحکومییە ڕۆژئاواییەکان بەمەبەستی کەمکردنەوە و هەروەها یارمەتیگەیاندن بەو وڵاتانەی کە مەترسییەکانی ماددەی سڕکەر زیاتر دەیانگرێتەوە، بۆ نموونە ئێران، بەشێوەی ساڵانە یارمەتی نەختییان پێشکەش بەم وڵاتانە کردووە. بۆ نموونە ڕێکخراوی «ڕێپریۆ»ی بریتانیا لە ساڵی ٢٠١٢دا بڕی ٣ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار پۆندی ئینگلیس یارمەتی ماڵی بە کۆماری ئیسلامی داوە تاکوو دژ بە مادده سڕکەرەکان خەبات بکات بەڵام دواتر ئاشکرایان کرد کە چیدیکە ئامادە نین ئەم جۆرە یارمەتییانە ڕادەستی ڕێژیمی ئێران بکەن چوونکە بە باوەڕی ئەوان ئێران ئەم پارە بۆ ئەو ئامانجە سەرف ناکات و دەیکاتە تێچووی کارە نامرۆڤانەکانی خۆی! بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لە ئێراندا هەوڵێکی سیستماتیک لە گۆڕێدایە بۆ ئەوەی توێژە جۆربەجۆرەکان تووشی مادده سڕکەرەکان ببن و حکوومەت ناتوانێ یان باشترە بڵێین نایهەوێ ئەم قەیرانە بنبڕ و چارەسەر بکات، ئەو پرسیارە لە مێشکی تاکدا دروست دەبێت کە دەبێ چی بکریت؟ بنەماڵە، دراوسێ، کۆمەڵگە و تاکە دەروەستەکان چ نەخش و ڕۆڵێکیان هەیە؟ دوایین توێژینەوەکان دەریان خستووە کە بنەماڵە بەهۆی پێوەندی بەردەوامیان لەگەڵ تاکی نەخۆش ڕۆڵێکی کاریگەر و تەنانەت یەکلاکەرەوە دەگێڕن. هەم بۆ بەردەوامی تاکی نەخۆش لەسەر ئاکارەکانی و هەمیش لە ڕەوتی چارەسەری و پاککردنەوەیدا. ئەگەر بنەماڵە وەک بناغە و بنەمای گرێچنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لێک بدەینەوە، دەبێ ئەو ڕاستییەش قبووڵ بکەین کە پێشمەرجی تەندرووستی کۆمەڵگە بریتییە لە تەندرووستی بنەماڵە؛ بەو واتایە کە بنەماڵە یەکەم ناوەندە کە تاک تێیدا کۆمەڵایەتی بوون فێر دەبێت. ئەگەر کەسێک نەتوانێ پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەم ناوەندە گرینگەدا دابین بکات بەدوای ڕێکاری دیکەدا دەگەڕێ و ڕوو لە دەرەوەی بازنەی بنەماڵە دەکات.

لێرەدایە کە ئۆلگووی ڕەفتاری ناپەسەند لەنێو کۆمەڵگادا بۆخۆی دەدۆزێتەوە؛ یەکێک لەو ئۆلگووانە ئێعتیادە کە لە پێکهاتەی کەسایەتییەکی کێشەدارەوە کە لەڕاستای دابینکردن و دامرکاندنەوەی پێویستییە سایکۆلۆژییەکانی لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو بووە، دروست دەبێ. ئەندامانی بنەماڵە هاوتەریب لەگەڵ پزیشک، دەروونناس، هاوڕێ و دۆستان و خزم، هەموویان پێکەوە دەبنە تیمێکی ڕزگاریدەر. تیمێک کە بە ئاگاهییەوە لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا دەجووڵنەوە. ئەوان دەبێ بزانن کە تاکی مۆعتاد وێڕای وەدەستهێنانەوەی توانایییە جەستەییەکانی، دەبێ لەباری دەروونیشەوە یارمەتی بدرێ بەو مانایە کە دەبێ لەسەر باوەڕەکانی، جیهانبینییەکانی، هەستە ئینسانییەکان و شێوەڕوانینەکانی کار بکرێت. خەلەل یان کێشەی کەسایەتی زیاتر لە هەموو فاکتەرێکی تر کاریگەری هەیە لەسەر تاک تاکوو تووشی نەخۆشینی ئێعتیاد ببێ؛ دواتر ئێعتیاد بۆخۆی دەبێتە هۆی سازبوونی کۆمەڵێک گرفت و کێشەی دیکە. تاکی تووشبوو بۆ وەدەستخستنی ماددەی سڕکەر ئامادەیە هەموو کارێک بکات، هەموو نۆڕمەکان تێک بدات تەنیا بۆ ئەوەیکە هەستە ورووژاوەکەی دامرکێنێتەوە. لە هەمان کاتیشدا توانایی بیرکردنەوە لە ئێستە و داهاتووی لێ وەردەگیرێتەوە. ئەمە خاڵێکی جەوهەرییە کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالییەکان بە باشی لێی ئاگادارن و لەسەر ئەم ئەساسەشە کە هەوڵ بۆ پەرەدانی ئەم نەخۆشییە لە نێو هەرێم و وڵاتە بەکۆلۆنیالییەکانیان دەدەن. دەوڵەتی بریتانیا لە چین و ئێستەش کۆماری ئیسلامی لە ئێران و بەتایبەت کوردستان؛ ئامانج تەنیا یەک شتە: خەساندنی هێزی بەرهەڵستکار!

# ژنی کورد لە نێو دۆزەخی پیاوسالاریدا

ڕۆژئەندا بەیان

سەرەتا: ئەوەی دەمهەوێت لێرەدا باسی بکەم باسکردنە لەو دۆخەی کە ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگای کوردستان بوونی هەیە و بە داخەوە بەردەوام لە پەرەسەندندایە. ئەویش کوشتنی ژنانە بە بیانووی شەرەف و نامووس یان هەرشتێکیتر لە لایەن پیاوانی خێڵ و بنەماڵەوە.

**دیاردەی کوشتنی ژنان**

دیاردەی کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگاکاندا دیاردەیەکی تازە نییە و تەنانەت دەشتوانین بڵێین تایبەت نییە بە کۆمەڵگای کوردی. لە هەر کوێ دیدی پیاوسالاری و دەسەڵاتی پیاومەزنی بوونی هەبێت ئەم دیاردەیەش کەم تا زۆر بوونی هەیە. لە کۆمەڵگای کوردستانیش ئەم دیاردەیە تازە نییە. بەداخەوە زۆر جاران دەبیستین و دەخوێنینەوە کە ژنان دەبن بە قوربانی ئەم تێڕوانینە کۆن و دواکەوتوانەیە. تێڕوانینێک کە ژن وەک بوونەوەرێکی بێ ئێختیار لە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگا و بنەماڵە و خێڵدا دەبینێت و ئەو ئیزنە بە پیاو ئەدات کە بە مەبەستی پاراستنی یاساکانی خێڵ، کۆمەڵگا، بنەماڵە و ... بە مەبەستی پارێزگاری کردن لەو شتەی ناوی دەنێت شەرەف، نامووس یان هەر شتێکیتری لەم چەشنە بە هەر شێوەیەک کە بیهەوێت ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ژندا. لەم ڕوانگەوە ژن بەشێکە لە موڵکی خێڵ و بنەماڵە و عەشیرە و پارێزگاری کردن لێی ئەرکی پیاوانە. ئەم دیدی پیاومەزنییە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئێستادا زیاتر لە زۆربەی کۆمەڵگاکان درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات و خەریکی نوێ کردنەوەی خۆیەتی. کەلتوور، داب و نەریت و ئایین وەک سێ کوچکەی پشتیوانی و پشتگیری کردن لە ئایدۆلۆژیای پیاومەزنی چاویان لێ دەکرێت و هەرسێکیان بەردەوام لە جێگۆڕکێ و دانوستاندن بۆ پتەوترکردنەوەی بنەماکانی پیاوسالاری و پیاومەزنی لە کۆمەڵگادا. سیستمی پیاوسالاری، ژن وەک موڵک دەبینێت و پیاو ئامادەی پارێزگاری کردنە لەو موڵکەی کە بووە بە خاوەنی.

لەم ئایدیایەدا جەستە و ڕۆح و کەسایەتی ژن شتێک نییە خۆی خاوەنداری بێت، بەڵکوو پیاوان خاوەنی جەستە و ڕۆح و کەسایەتی و تەنانەت هەستەکانی ژنن. لەم ئایدیایەدا وەک وتمان ژن بوونەوەرێکی تەواو ئۆبژەیە و خاوەن ئێختیار نییە. یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی نواندنی پیاوان بەرامبەر بە ژنان لەو دیدەوە سەرچاوە دەگرێت کە پیاو خۆی بە شایستەی ئەوە دەزانێت ئەو توندوتیژییە بنوێنێت. توندوتیژی نواندن وەک ئیمتیازێکی تایبەت بەخشراوە بە ئەو، وەک پیاو هێزی ئەوەی هەیە کە ئەم توندوتیژییە بنوێنێت. کەلتوور و داب و نەریت و ئایین ئەو ئیزنە بە پیاو ئەدەن کە بە توندترین شێوە توندوتیژی بنوێنێت بەرامبەر بە ژنان و تەنانەت تا ئاستی کوشتنیش. ئەوەی کە پیاوێک دەستی ئەچێتە خوێنی هاوسەر، خوشک یان کچ یان دایکی، دەرئەنجامی ئەو ئیزن پێدانەیە. ئەو پیاوە خۆی بە شایستە و ئیزن پێدراو دەزانێت بەوەیکە هەرجۆرە کە بیهەوێت توندوتیژی بنوێنیت و زۆر جارانیش لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یاساکان بەشێکن لەو سەرچاوەیەی پیاومەزنییە.

ئەم گومانی خاوەن ئیمتیازی تایبەتە یان سەرتربوونە کە بۆی هەیە وەها ڕەفتارێک بکات، لەو هۆکارانەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەرەپێدەر و بونیادنەری بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای پیاومەزنین. ئەو پیاوەی ئەو ئیزنە بە خۆی ئەدات دەستی بچێتە خوێنی ژنێک لە بنەماڵەکەی، بێگومان لە لایەن هێزێکەوە ئەو ئیزنەی پێدراوە، ئەویش ئەو هێزەیە کە پەرەپێدەری کۆمەڵگا و ئایدیای پیاوسالارییە. لێرەدایە کە جگە لە خۆبەشایستەزانین بۆ توندوتیژی‌نواندن، دەبێت باس لە هۆکارێکیتر بکەین کە ئەویش هۆکاری ئیزن پێدانە. هۆکارە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی توندوتیژی پیاوان هەر چییەك بێت، ئەو دیاردەیە بێ ئیزن وەرگرتنی ئاشکرا یان شاراوەی لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بەندە یاساییەکان، هەندێ لە ئامۆژە ئاینییەکان، ناتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات. لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان، یاسای دژ بە ئازاردانی هاوسەر یان ئەوەیە بوونیان نییە یان ئەوەیە زۆر لاوازن، لە ژمارەیەکی‌تر لە وڵاتان زۆر کەم بەڕێوە دەچن، لە بەشێکی‌تر لە وڵاتان هەر گاڵتەجاڕن، وەك ئەو وڵاتانەی تاوانی توندوتیژی تەنها کاتێك لە لایەن دادگاوە لێپێچینەوەی لە سەر دەکرێ کە ژمارەیەك پیاو شاهیدی بدەن لە سەر ئەو توندوتیژییە، هەروەها لەو وڵاتانەی کە شایەتی دانی ژنان بە هەند وەرنا گیردرێ.

ئێمە زۆر جاران ئەوە دەبینین کە لە دەورووبەری خۆمان بەوە کە ژنێک لە لایەن مێردەکەیەوە لێی دەدرێت، یان بە توندترین شێوە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام بێدەنگی لێدەکەین و پۆلیس و ناوەندە بەرپرسەکان لەم بابەتە ئاگادار ناکەینەوە. لە بەر ئەوەی ئەوە بە پرسێکی تایبەت ناو دەبەین و بە گشتی (توندوتیژی خێزانی) وەك پرسێکی (تایبەتی) ناوی لێدەبرێت. ئاخۆ دەتوانیت کەسێك بێننەوە بەرچاوی خۆتان کە دەبینێت دزی لە دووکانێك دەکات بەڵام لە بەر ئەوەی بە بابەتێکی تایبەتی نێوان دز و خاوەن دووکانەکەی دەزانێت تەلەفۆن نەکات بۆ پۆلیس؟»

ئەو پیاوەی ئیزن دەدات لە پارک، لە شوێنێکی گشتی بە بلۆک و چەقۆ هێرش بکاتە سەر ژنەکەی خۆی و بیکوژێت هەم ئەوەیە خۆی بە شایستە ئەزانیت و لە هەمانکاتدا ڕێگەپێدراوە بەوەی ئەم کارە بکات. یان ئەو باوکەی ئیزن بە خۆی ئەدات کچە ١٦ ساڵەکەی خۆی بکوژێت لەبەر ئەوەی کوڕێکی خۆش ویستووە، لەبەر ئەوەیە ئیزن پێدان هەیە لە لایەن کەلتوور و داب و نەریت و یاسا و ئایینەوە. ناکرێت هیچکام لەم هۆکارانە بە کەم بزانین و لە بەرچاوی نەگرین لە پەیوەند بە کوشتنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە لە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکاندا.

ڕەنگدانەوەی ئەو بونیادە بنەڕەتییانەی کۆمەڵگای پیاوسالاری لە سیستمی پەروەردە، سیستمی یاسادانان‌دا و هەروەها پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەیان لە ڕێگای کتێبەکانەوە و میدیاکانەوە دەرئەنجام ئەو پیاوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەو ئیزنە بە خۆی دەدات کە دەستی بچێتە خوێنی هاوسەر، کچ، خوشک و خۆشەویستی خۆی. سێ جمکی گەورەی کۆمەڵگا هەیە کە زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر پەرەپێدانی ئەم ئایدیایە کە ئەویش وەک وترا، سیستمی پەروەردە، سیستمی یاسادانان و میدیاگشتییەکانە. لە کۆمەلگایەکی وەک کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم سێ بوارە هەر سێکیان ڕێگەخۆشکەرن بۆ پەرەپێدانی ئایدیای پیاومەزنی و ئیزن بە پیاوان دەدەن بەوەی توندوتیژی بنوێنیت بەرامبەر بە ژنان تا ئاستی کوشتن.

یاسا وەک یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕێکخەری کۆمەڵگا چاوی لێدەکرێت. یاسا ئەتوانێت وەک مێکانیزمێک چاوی لێ بکرێت کە بتوانێت بەر بە کەمبوونەوە و نەهێشتنی توندوتیژی بە هەموو فۆڕمەکانییەوە بگرێت دژی ژنان یان ئەوەی پەرەپێدەری بێت. لێرەدایە یاسا دەوری شمشێرێکی دوولا دەگێڕێت. ئەتوانێت بەر بە توندوتیژی بگرێت یان پەرەی پێ بدات. یاسا لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و لە کۆمەڵگای ئێراندا ئیزن بەوە دەدات کە پیاوان توندوتیژی بنوێنن بەرامبەر بە ژنان، تەنانەت ئەگەر ئەو توندوتیژییەش بگاتە ئاستی کوشتن. تا ئێستاش ژمارەیەک لەو کەسانەی کە هەر لەم ماوەیەدا کچ، ژن یان خوشکی خۆیان کوشتووە ئازادانە لە کۆمەڵگادا دەسووڕێنەوە.

«هۆزان خواهشی» کچێکی ١٦ ساڵی دیواندەرەییە کە بووە قوربانی ئەم ئایدیایە بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ باوکی کە تاوانبارە ئازادانە لە نێو شاری دیواندەرەدا دەگەڕێت و خەریکی کار و کاسبی خۆیەتی. هۆزان ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ دوای سێ مانگ مانەوە لە نەخۆشخانە بەهۆی ئەوەی کە باوکی لێیدابوو گیانی لە دەستدا.

لیدا ئەحمەدزادە، تەمەن ١٨ ساڵی مەهابادی، ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ لە لایەن باوکییەوە بە تاوانی ئەوەی کوڕێکی خوش ویستبوو کوژرا. زۆر نموونەیتری هاوشێوەش هەن کە دەرخەری ئەوەن یاسا لە ئێران ئیزن پێدەری توندوتیژییە بە هەموو فۆڕمەکانییەوە دژی ژنان. یەکێک لەو شتانە کە لە یاسای ئێراندا جەختی لەسەر دەکەنەوە دەبێت «سکاڵاکەر»ێک بێت لەسەر دۆسییەکە بۆ ئەوەی کەسی بکوژ یان ئەو کەسەی توندوتیژی دەنوێنێت بدرێتە دادگا. لە ئەگەری نەبوونی سکاڵاکەر دۆسییەکە دەخەوێت و بێدەنگی لێ دەکرێت. خودی ئەم بەندە یان ئەم فەرمانە یاساییە، کێشەی لەسەرە و پەرەپێدەری توندوتیژییە. بەزۆری ئەو ژنانەی دەبن بە قوربانی توندوتیژی، لە لایەن پیاوانی نزیکی خۆیانەوە، پیاوانی بنەماڵەوە توندوتیژی بەرامبەریان دەکرێت. مەسەلەحەتی بنەماڵە وا دەکات سکاڵاکەرێک بوونی نەبێت. لە کەلتووری پیاوسالاریدا، پیاو بە کۆڵەکەی بنەماڵە دەژمێردرێت، هەر لەبەر ئەوەی کۆڵەکەی بنەماڵە نەڕووخێت!! بێدەنگی لێدەکرێت لە لایەن کەسانی نزیکی کوژراوەکەوە و بکوژ بە بێ هیچ سکاڵایەک کورد گوتەنی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و شانازیش بەخۆیەوە دەکات کە نامووسی خۆی سەندۆتەوە!!!

**دەرئەنجام**

بۆ بەرگرتن بە تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە، پێویستمان بە هەنگاوی هەنووکەیی و گرینگ هەیە. پێویستمان بەوە هەیە ڕەوشنگەری بکرێت لە نێو بنەماڵەکاندا. بنەماڵەکان لەوە ئاگادار بکرێنەوە کە پەرەسەندنی توندوتیژی لەم ئاستەدا تێکدەری ئەساس و بنەمای کۆمەڵگایە. نەک خزمەت بە کۆمەڵگا ناکات، بەڵکوو بە هەموو مانایەک تێکدەری کۆمەڵگایە. لەگەڵ ئەوەش پێویستە لە باری زانستییەوە لێکۆڵینەوەی ورد لە سەر ئەم بابەتە بکرێت. هاندەرەکان، هۆکارەکان و زەمینەکان بە باشی بناسرێن. کاریان بۆ بکرێت و هەوڵ بدرێن بۆ نەهێشتنیان.

> **لە کەلتووری پیاوسالاریدا، پیاو بە کۆڵەکەی بنەماڵە دەژمێردرێت، هەر لەبەر ئەوەی کۆڵەکەی بنەماڵە نەڕووخێت!! بێدەنگی لێدەکرێت لە لایەن کەسانی نزیکی کوژراوەکەوە و بکوژ بە بێ هیچ سکاڵایەک کورد گوتەنی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و شانازیش بەخۆیەوە دەکات کە نامووسی خۆی سەندۆتەوە!!!**



# بەبیانووی ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردی

ڕاسان

زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش و لە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی یەکەمین قوتابخانە بە زمانی کوردی لە شارستانی «خۆی» لەلایەن سماییل ئاغای شکاک دامەزرا. بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی مێژوویی سمکۆ بەهۆی هەست کردن بە گرینگی کەرتی پەروەردە و خوێندن و فێرکاری بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە کورد بەگشتی بەهۆی ئاڵۆزییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە دۆخێکی نەشیاودا بوو، بە هاوکاری عەبدولڕەزاق بەدرخان کۆمەڵەی جیهاندان یان گیهاندنی دامەزراند کە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری بوو. گرینگی ئەم کۆمەڵەیە لەوەدا بوو کە هەوڵی دەدا وەک ناوەندێکی ئاکادمی و پەروەردەیی، خوێندنگە لە هەموو کوردستاندا بکاتەوە و هەوڵ بۆ پێگەیاندنی منداڵانی کورد بەتایبەت بە زمانی کوردی بدات.

لەسەر ئەم بنەمایەش وەک ئاماژەی پێکرا یەکەم قوتابخانەی کوردی لە شاری خۆی دامەزراند کە لەو کاتەدا ٢٩ قوتابی هەبوو و بە هەر دوو زمانی کوردی و ڕووسی دەرسی تێدا دەخوێندرا؛ هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن کە ئەو وانەگەلەی لەو کاتەدا فێری قوتابیان دەکرا بریتی بوون لە زمانی کوردی، مێژوو، جوغرافیا و ماتماتیک.

ئەوەیکە ڕوونە سمکۆی شکاک لەو سەردەمەدا بە جوانی درکی بەو ڕاستییە تاڵە کردبوو کە بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی کۆمەڵگە پێویستە سەرەتا و هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی سیاسی، شۆڕشێکی فەرهەنگی وەڕێبخرێت و دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەش لەلایەن ئەووەوە دەچێتە ئەم خانەیە.

ئێمە لە کاتێکدا باس لە هەوڵێکی گرینگی مێژویی لەو چەشنە دەکەین کە ئێستە پاش زیاتر لە ١٠٠ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییە، هێشتا کورد لە بنەڕەتیترین مافە ئینسانییەکانی و یەک لەوانیش خوێندن بە زمانی دایکی بێبەشە و بە زۆرەملی منداڵانی کورد ناچار دەکرێن بە زمانی فارسی دەرس بخوێنن کە ئەمە هەوڵێکی سیستماتیکی هەر دوو دەسەڵاتی پاش سمکۆ واتە ڕێژیمی پاڵەوی و ویلایەتی فەقیهە بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد و وشک کردنی بیری نیشتمانپەروەرانە و کوردانە لە مێشکی تاکی کورددا.

ئەگەرچی بەپێی هەموو کۆنوانسیۆن و بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان لەوانەش مەنشوری زمانی دایکی، ڕاگەیەندراوی جیهانی مافی زمانی، مافەکانی منداڵان، مافە سیاسی و مەدەنییەکانی کەمینەکان و ... پێداگری لەسەر زمانی دایکی و پاراستن و گەشەپێدانی کراوە بەڵام ئەم مافە لەلایەن ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان هەمیشە پێشێل کراوە و کورد لەم مافە بنەڕەتییە بێبەش بووە؛ نەتەنیا کورد لەم مافە بێبەش کراوە بەڵکوو بەردەوام کۆسپی لەسەر ڕێگەی ناوەندە فەرهەنگییەکانی تایبەت بە زمانی کوردیش داناوە و بە پلۆمپ کردنیان و گرتنی بەرپرس و چالاکانی فەرهەنگی کەشی تۆقاندنی بەسەریاندا زاڵ کردووە.

زمان ڕۆحی مرۆڤایەتییە، زمان میراتی مەعنەوی مرۆڤایەتی، لەدایک دەبێ، گەشە دەکا و پێدەگا بەڵام لە هەندێک حاڵەتیشدا لەنێو دەچێ! زمان یەکێک لە گرینگترین بەشەکانی ژیانی مرۆڤە و دەرخەری بیرکردنەوە و ئاکاری ڕۆژانەی ئێمەیە؛ «زمان»، خانوولەی ژیان و مان و ڕایەڵەی بێ هەودای پێوەندیی بوون و گەردوونە.

زمان، پێناسەی ناسکردن و ئامرازی هەڵاوارتەیی کەسێتی مرۆڤە لە بوونەوەرانی تر. زمان، ماکە و هیم و بنچینەی داڕێژەری پێکهاتەی هەست و نەست و خوست و هەڵوێست و بیر و هزر و ئاوەز و تێڕامان و تێفکرین و بیرکردن و بیرکردنەوەیە.زمان، کۆڵەکە و ژێرکۆڵەکەی ڕاگری کۆشکی شکۆداری بیریاریی و هزروانی وئاوەزمەندییە. «زمانی زگماکی»، ئەستوندەکی تاوڵی جوانیناسی و خۆش-وێژی و خۆش-خوانی و هۆزانوانی لەهەواری هەراوی هەرێمی نەتەوە و گەلە و دیرەگی ڕاگیرکەر و خۆڕاگری خێوەتی بوون و هەبوونی شوناسی خۆیی و خۆماڵی و نەتەوەییە لە هەمبەر گەردەلوول وباهۆزی بەهێز و سەرما وسۆڵەی تووش و سەخڵەتی کرێوە و شەختەی نەمان و فەوتانی میرات و کەلەپووری پیرۆز و دێرینی باو باپیرانمان .

زمانی زگماکی دالْدە و داشدارمانە لەمەترسی و قەیرانی داڕمانی کۆشک و قەڵای بەرزەڕۆیوی پێناسە و ناسنامەی نەتەوەییمان .زمانی زگماکی پێشەوا و پێشەنگمانە بۆ بەرخۆدانی کەلتووری و شۆڕشی تەس دانەوەی قەیرانی خۆڵێ ونبوون و ئاڵی بوون وئالینەبوون .

وەک ،»ڤیتگنشتاین«، گەورە فەیلەسووفی سەدەی بیستەم وهزروان و بیرمەندی ناوداری بواری فەلسەفەی زمان دەڵێ: «سنوور و پەرژین و پەرێزی زمانی من، ڕێک ڕێک و بێ ئەملاولا، سنوور و پەرژین و پەرێزی جیهان و ژیان و دونیابینی منە»... کەواتە با ئەم کەتوارە وەک خۆی ببینین و وەک خۆی گرینگی پێ بدەین کە زمانمان ناسنامەمانە

## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ «سەباح بێوەر»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

وتووێژ: بێهزاد قادری

«پێشمەرگە هێزی چەکداری گەلە. بەڵام هێزێکە کە کاری تەنیا چەکهەڵگرتن و شەڕکردن و کوژران و کوشتن نییە. بەڵکوو چەکدارێکە دەزانێت چەکی هەڵگرتووە تا لەپێناو ئامانجێکدا کە وەدیهێنانی دێموکراسی و ڕزگاریی نەتەوەییە بۆ گەلەکەی خەبات بکات. ئەو دەزانێت و بە قووڵی تێگەیشتووە کە گەلەکەی چەوسێندراوەتەوە، زوڵمی لێ کراوە و ماشا لە بوونی دەکرێت، ڕێگای پێشکەوتنی لێ دەگیرێت و لە یەک کەلامدا کەرامەتی خەوشدار دەکرێت.

پێشمەرگە دەزانێت ئەم گەلە بە هێزی خۆی و بە قارەمانیەتی و فیداکاریی ڕۆڵە بەوەجەکانی نەبێت، هەرگیز بە ڕزگاری و ئازادی ناگات. لەم تێگەیشتنەوەیە کە خۆشەویستترین کەسەکانی، واتە بنەماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت و بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەی ڕوو لە ڕیزی پێشمەرگایەتی دەکات. ئەوان دەزانن پێشمەرگایەتی یانی دەستهەڵگرتن لە هەموو خۆشییەکانی ژیان و خۆبەختکردن لەپێناوی گەلەکەیان و لە ڕاستیدا ئەم ڕێگایەیان بە ئاگاییەوە هەڵبژاردووە. هەر بۆیە شایانی هەموو ڕێز لێگرتنێکن».

بەم وتانەی کاک «تەیموور مستەفایی»، ئەندامی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، دەڕۆینە پێشوازی وتەکانی پێشمەرگەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوی «سەباح بێوەر»:

**- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**

کوردستانم زۆر خۆش دەویست و بۆ ئەوەی کوردستانەکەم داگیر کراوە، هەمیشە خەمبار بووم. هەروەها پێشمەرگە وەکوو شۆڕشگێڕێکی بەئەخلاق و قارەمان و دوژمنبەزێن دەهاتە پێش چاوم و هەمیشە چاوەڕوان بووم و بە ئاوات بووم کە هێزی پێشمەرگە بێت و داگیرکەران ڕابماڵێت؛ واتە تەنیا پێشمەرگەم بە ڕزگارکەری نیشتمان دەزانی.

**- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**

ئێستاکە خۆشەویستیم بۆ کوردستان زیاتر بووە بەدڵنیاییەوە. هەروەها شانازی دەکەم کە پێشمەرگەم، پێشمەرگەیەک کە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا بە چاوی خۆم فیداکاریی هاوڕێیانی کچ و کوڕی کورد دەبینم. تەنانەت چەندین هاوڕێی چاونەترسم لەم ڕێگا پیرۆزەدا شەهید بوون. بە دیتنی وەها گیانفیدایيگەلییەک، دڵنیام کە سەرکەوتن هەر بۆ پێشمەرگە و کوردە.

**- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**

«نیشتمان» بۆ من پیرۆزترین شتە. بست بە بستی خاکی کوردستان وڵاتی منە و وڵاتی من ژیانی منە.

«پێشمەرگە»ش وەک نیشتمان، لە پیرۆزترین هێماکانی بوونی منە. پێشمەرگە مرۆڤێکە کە لە پێناو ئاو و خاک و خەڵکەکەی خۆیدا، گیانی فیدا دەکات و ئەم گیانفیداییە بە شانازی دەزانێت.

«ڕاسان» ئەو هەستانەوەیە بوو کە دووبارە بوونی بە من و لاوان و خەڵکی ئەم وڵاتە بەخشی. ڕاسان وەدیهێنەری سەربەستی بۆ گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات دەبێت.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**

گەورەترین ئاواتی ژیانم، ڕزگاریی کوردستانە، چونکە هەتاکوو کوردستانەکەم ڕزگار نەبێت و خەڵکەکەم لە ئازادیدا نەژین و لە بندەستی ڕزگاریان نەبێت، هیچ نیم و نابم بە هیچیش. جگە لەو ئاواتەش، بیر لە ئاواتێکی ترم ناکەمەوە.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**

بەدەستهێنانی کەرامەت لە ڕێگای وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی. تەنیا ژیان لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت. ئەمە تەنیا قسەیەک نییە و ئیمانم بەم شتە هەیە.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

قسەی من ئەوەیە کە پەیوەست بە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە بن. ڕەهەندەکانی خەباتی ڕاسان زۆرە و بڕیار نییە حەتمەن پێشمەرگە بیت و لە شاخدا بیت. لە نێوخۆی وڵاتیشدا بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان زۆر کار دەکرێت.

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**

ماندوونەبوونیان پێ دەڵێم. بەڵام دەبێ زۆرتر خۆمان ماندوو بکەین، چون هیچکەس و لایەنێک ناتوانێت وەک خۆمان پشتیوانی خۆمان بێت. دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، تا دواهەناسە دەستمان لەدەستی یەکدا بێت و پشتمان بە یەک گەرم بێت و هیچکات پشتی یەک چۆڵ نەکەین. هەروەها لەبیر نەکەین کە ئێمەین ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی گەلی کوردی زوڵملێکراو.

**. وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**

داوایان لێ دەکەم دەست لە خۆفرۆشی هەڵبگرن و واز لە کاسەلێسی بهێنن. خۆیشیان چاک دەزانن کە کارەکەیان هەڵەترین کارە و ڕێگای ڕزگارکردنی کوردستان ئەستەمتر دەکەنەوە، بەڵام ئێمە هەر سەر دەکەوین و تەنانەت ئەگەر ئێمە لێیان خۆش بین، خەڵک لێیان خۆش نابێت و هەموویان دادگایی دەکرێن و خیانەتەکانیان بێ وڵام نامێنێتەوە.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**

هەر پێشمەرگە دەبم و ئامادە نیم بۆ ساتێکیش واز لە خزمەتی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بهێنم.



# قەیرانی ئۆتۆریتەی ڕێژیم و کلکەکانی لە بەیرووت و بەغدا

کەیوان دروودی

بۆ ساڵانێکی زۆر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ، پانتایی برەوی ئایدیۆلۆژیی خۆی لە ناوچە پەرە پێبدات. ئەم ڕێژیمە لە فەلسەفەی سیاسیی خۆیدا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدان بەپێی دەق و بنەما ئایدیۆلۆژیکەکانی بە مرۆڤی ناپێگەیشتوو (طفل صغیر) دەزانێ و کۆ ئەم تاکانەی بە گشتایەتییەک بە ناوی ئوممەتی موسڵمان دەزانێ کە پێویستە لە ژێر فەرمانی «وەلی»دا بژین. سەرچاوەی ئەم ئۆتۆریتەیە «زاتی»یە، بەو واتایە کە تایبەتمەندییە خۆکەسییەکانی ناوبراو (وەلی) وادەکات کە ڕەوایی دەرکردنی بڕیارە گشتی و چارەنووسسازەکانی بە دەستەوە بێ.

ئەوە بۆ سێ دەیەیە کە «عەلی خامنەیی» ڕۆڵی «وەلی» دەگێڕێت. بەپێی سروشتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران؛ چەند تاقم و گرووپێکی هاوپەیمانی نزیکی خۆی دەستیان داوەتە پێکەوەنانی ئۆتۆریتەیەکی تاکتەوەرانەی ئایینزایی و بیناکردنی ئەم قەوارە سیاسی و ئایدیۆلۆژییانە لەسەر هەمان فەلسەفەی ڕێژیمی ئیسلامییە. ئەوانەی بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ماکێتەکانی ڕێژیم لە ناوچە دەکەن، دەزانن کە ماوەیەک لەمەوپێش، حەسەن نەسروڵا و موقتەدا سەدر لە پەیمانێکدا کە لای خۆیانەوە بە «بەیعەت» ناوی لێ دەبەن، سەرسپێردراویی خۆیان بۆ عەلی خامنەیی چەندپات کردەوە.

دوابەدوای ئەم پەیمانی سەرسپێردراوییە، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی شۆڕشخوازانە شەقامەکانی بەیرووت و بەغدادی گرتەوە. ئەمەش ڕێژیمی لاسەنگ کردووە و بێگومان لە ئێستەدا بەوپەڕی شڵەژانەوە بەدواداچوون بۆ چارەنووسی هاوشێوە دەسکردەکانیان دەکەن و بە وردی دەزانن کە نەمانی ئۆتۆریتە تەونی چنراوی چل ساڵەیان تێک دەدات. چی ڕوو دەدات؟

ماکس وێبێر بیرمەندی ناوداری ئاڵمانی لای وایە کە ئۆتۆریتە سێ سەرچاوەی هەیە کە وەکوو کۆڵەکەی ژێ (حیات) ی سیاسیی دەسەڵاتەکان دەور دەگێڕن:

١ _ کاریزماتیک

٢ _ نەریتی (traditional)

٣_ یاسایی ڕێکخراو

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بە بنەما بگرین؛ ڕێژیمی ئێران لە سەرەتاوە لە دوو کۆڵەکەی یەکەم کەڵکی وەرگرت و بەهێنانە ئارای کۆمەڵێک پێناسەی تایبەت بە چەمک و بنەمای گۆڕانخوازانە _ کە پاشماوەی چەپ بوو _ ڕێشۆمەی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەگەر بە وردی بڕوانین دوو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کە حیزبی «جومهووریی ئیسلامی» نوێنەرایەتیی دەکرد و چەپی ئێرانی کە زۆربەی چەپەکانی تێدا جێ دەبوویەوە، لەسەر دوو دەستەواژەی «توودە» و «ئوممەت» تا ڕادەیەکی زۆر پێکەڵپێک بوون. بەو واتایە کە تاک لە کۆمەڵ دەبینرا و وەکوو خۆی کاراکتەر نەبوو و لە ئەگەری جیاوازیی بۆچوون بە «دژەگۆڕانخواز» کە لایەنێکی نەرێنیی تاوانبارانەی وەرگرتبوو، دەناسرا. بە تێپەڕبوونی کات هەموو ئایدیا پۆپۆلیستییەکان لە ئاستی کردەوەدا، پەکی کەوت و نیوەچڵ مایەوە. بەم بۆنەوە دوو کۆڵەکەی ئۆتۆریتە، واتە نەریتی و کاریزماتیک بنکۆڵ بوون و لە ئێستەدا سەیر دەکەین چالاکانی سیاسی و مەدەنی داوای کێشانەوەی جێگرەوەی خامنەیی دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوان بەوە گەیشتوون کە ئەم کاریزمایە ئیتر ناتوانێ وەکوو خومەینی بە وتنەوەی دروشمی دوورەمەودا و کەڵکاوەژوو وەرگرتن لە خەوی گۆڕانخوازی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ. بەپێی بۆچوونە بنەماییەکەی وێبێر، تەنیا یەک سەرچاوەی ئۆتۆریتە لەبەردەمدا ماوە کە ئەویش یاساییە. ئەگەر سەیری داواکارییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی بەیرووت و بەغداد بکەین، وا دەردەکەوێ کە خەڵک خوازیاری ئەم جۆرە لە حوکمڕانییە. ئەوان داوای نەهێشتنی گەندەڵی و بڕینەوەی دەستی گێرەشێوێنی ڕێژیمی ئێران دەکەن. بە دیوی خوێندنەوەکەی ماکس وێبێردا، هەردوو داواکاری دەچێتە خانی جۆری سێهەمی حوکمڕانییەوە. پشتگوێ خستنی داوای ڕاگرتنی ناڕەزایی لەلایەن سەدر و ناشوێندانەریی ئامۆژگارییە پێغەمبەرئاساکانی نەسروڵا، ئەوە دەردەخات کە ئۆتۆریتەی پشتبەستوو بە کاریزمای تاک و نەریتی ئایینزایی لەڕووی کارکردگەراییەوە، بەرەو بنکۆڵبوون دەچن. بەو واتایە کە خەڵک پێی وانییە کە کەسێکی تاقانە و بێوێنە هەیە کە تێگەیشتنی لە سەرەوەی تاکەکانیترە و لەلایەکیتریشەوە سوورە لەسەر ئەوەی کە ئایین و ئایینزا ناتوانێ بە بەری کەسەوە هەڵدووری و ئەو بابەتە تاکەکەسییە. داهاتوو و ململانێی شەقام و تەلارەکان

بەپێی سروشتی ڕێژیمی ئێران و دەستنیشانکراوانی ئەگەری شیفتێکی بەرچاو بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە ئۆتۆریتەی یاساتەوەر زۆر کەمە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم سەرچاوەی هێزە، پەیوەستە بە دانان و پەیڕەوکردنی سیستمێکی بڕۆکراتیکی ڕوون لەژێر چەتری یاسادا. سروشتی ئەم سیستمگەلە خۆی لە قەوارەیەکی ئالیگارشیی سەرەوەی یاسادا دەبینێتەوە. وەکوو نموونە؛ خامنەیی ناتوانێ هاوکات هەم گڵۆپی سەوز بۆ دانیشتنی نهێنی هەڵکات و لەلایەکیتریشەوە لە وەئەستۆگرتنی لێکەوتەکانی، خۆی بکشێنێتەوە. ئەو کەسەی بڕیار دەردەکات بەرپرسە لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی دەریکردووە. شەخسی خامنەیی ناتوانێ پلانی حەشیمەتی دووسەد میلیۆنی دابڕێژێ و لەلایەکیترەوە بەرپرسایەتیی هەژاریی چل لە سەدیی لە ئەستۆدا نەبێ. نموونە لەمبارەوە زۆرن بە خستنەڕووی ئەم دوو کەیسە واز لەو بابەتە دێنین. لە ململانێی عەینیی نێوان ئایدیای گشتاندن و ئوممەتگەری و ئایدیای یاساپارێزی و تاکتەوەریدا؛ کۆمەڵێک نیشانەی ڕوون دەبینین. قەناس بەدەستەکانی بەغدا و بەیرووت و گرووپە ڕمببەدەستەکانی ناو خەڵک، قووڵایی ئەم ململانێیە نیشان دەدات و ئەوەش ئاماژەیە بۆ دوورەدیمەنێکی ڕوون. ئەم دوورەدیمەنە بریتییە لە ناڕەزایی زیاتر و سەرکوتی زیاتر. لەنێو سکی ئەم ململانێیەوە کە بەریەککەوتنی دوو بوونی ناهاوچەشن دەگرێتەوە، شۆڕش (گۆڕانکاری)یی گەورە ڕوو دەدەن. بەهێزیی ئەم شیمانەیە وەک باسمان کرد لە نەبوونی پۆتانسییەلی بەخۆداچوونەوە لە لایەک و پێگەیشتوویی تاک و کۆمەڵگا بە مافەکانیان خۆی دەبینێتەوە و وادیارە ئەم دوو سەری پەیکانەش تا دێ بەرەو بەریەککەوتن دەڕۆن.

ئەگەرێکی نەخوازراو ململانێی هێزە دەرەکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، سەرەڕای هەندێ خاڵی پۆزەتیڤ، لە گشتایەتیی خۆیدا تۆقێنەرە. مانەوەی تەختی بەشار ئەسەد لەسەر تەرمی یەک میلیۆن مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە لە مێژوودا دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە داهاتووشدا ئەم دیکتاتۆرە لەسەر تەختەکەی بکێشرێتە خوارەوە، ئەوە هیچ لە قووڵایی ئەم کارەساتە کەم ناکاتەوە. ئاوارەیی و بێ جێ‌وماڵ بوونی کوردەکان لە ڕۆژاواش هەر لەم ڕووەوە دەبێ سەیر بکرێ. خەڵکانێ کە ناوچە و جیهانیان لە مەترسیی داعش پاراست، خۆیان بوون بە قوربانیی کۆمەڵێک سازانی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی. ئەمە نیشان دەدات کە سیستمی نیمچەئانارشیی نێونەتەوەیی چۆن دەتوانێ، کتوپڕ تەرازووی هێز بەرەو لای ڕادیکاڵیزم و فاشیزم قورس بکات. لە ئێستەدا، ئەگەر خەڵکی بەیرووت و بەغدا ئیرادەیان نەکەوێتە ژێر کاریگەریی نەخوازراوی ئەم سیستمەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە ڕێژیمی ئێران بۆ ناو سنوورەکانی پاشەکشەی پێ دەکرێ و ئەمەش لە کۆتاییدا دەتوانێ توانستی هەڕەشەی تاران پەک پێبخات. ئەگەر هۆنگ‌کۆنگییەکان تا ئێستە بەپێوە ماون و بەدروستی و بە حەق نایانهەوێ بچنە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای پاشماوەی کۆمۆنیزمی مائۆ، ئەوە لە زەبری سازانی ململانێ نێودەوڵەتییەکان بەدوور بوونە. چاوەڕوانییەکانی ئەوان لە کۆمەڵگەی جیهانی، بەپێی هەموو فاکتەرە مرۆیی و عەقڵانییەکان زۆر بەجێیە. ئەوان لایان وایە کە دەسەڵاتی پێکەن لەخۆیدا، گەندەڵ، تاکڕەو و دوور لە یاسایە و بەو بۆنەوە ناتوانێ دادپەروەری، یاسا و بڕۆکراسیی گونجاو بۆ ئەوان بەدیاری بێنێ. بە هەر لەونێ بێ، خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە گشت شوێنێکدا، ڕسکان و گۆڕانی بەرچاو بەدی دەکرێت و ئەم لێشاوەش لقوپۆکانی تارانی گرتووەتەوە و نابێ بەدووری بزانین کە لە داهاتوودا خۆیشی پارێزراو نابێ. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە شەقام، داوای دەسەڵاتێک دەکا کە لەسەر ئیرادەی خۆی و بەپێی ڕەشنووسی یاسای خۆی هەڵچنرابێ و هەموو ئەوانەش کە ناتوانن خۆیان لە تەک ئەم ئاراستەیەدا یەک بخەن، درەنگ یان زوو دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە لە کۆتاییدا، ئەگەر تەنانەت بتوانن لە هەموو ڕێگەیەکی ناڕەواوە بمێننەوە، وەکوو ئەسەد ماڵێکی بێ دەرگا و دەلاقەی کاولیان لەسەردەست دەمێنێ.

# حیسام دەستپیش:
# کۆماری ئیسلامی ئێران ئوورووپای وەکوو دوژمن دیاری نەکردووە لە هەمان کاتیشدا ئوورووپاییەکانیش کۆماری ئیسلامییان وەکوو دوژمن نەناساندووە

**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**

لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ، «حیسام دەستپیش»، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکیەتیی ئورووپا، لەگەڵ چەند ئەندام پارلمانی ئورووپا و کەسایەتیی دیکە، لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دیدار و چاوپێکەوتنی پێک هێنا. ناوبراو، لەگەڵ «ئێزابل سانتۆس»، ئەندامی کۆمیسیۆنی مافی ئورووپا، «ناتان گیل» و «کرتن دارلینگ جوود» ئەندام پارلمانی ئورووپا، «بێرنارد گویتا»، سکرتاریەتیی ئەندام پارلمانی ئورووپا و هەروەها لەگەڵ «پیتێر دێ ڕۆڤێر»، ئەندامی پارلمانی فێدراڵی بێلژیک و سەرۆکی گرووپی ئالیانسی نوێی فلەمان N-VA دانیشتنی پێکهێناوە و ئەم بابەتەی هێناوەتە بەر باس. بۆ تاوتوێکردنی زیاتری ئەم پرسە لەگەڵ «حیسام دەستپیش»، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکیەتیی ئورووپا، وتووێژێکمان پێک هێناوە:



## لەم دانیشتنانەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەرچ بابەتگەلێکی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە؟

جۆری پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ پارلمانی ئورووپا تەبیعەتەن دەتوانێت یەکەم هەنگاو یان یەکەم ویستگە بێت. ئەمە دەتوانێت سەرەتایەکی باش بێت یان لەم کاتەدا دەکرێت ئەوەی کە ئێمە لە ڕێگای کۆمیسیونی مافی مرۆڤەوە بچینە پێشەوە؛ بەو مانایە کە بتوانین سەرنجی ئەوان سەبارەت بەو پێشێلکارییە مافی مرۆڤییانەوە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوو دەدات ڕابکێشین و لەم ڕەهەندەوە بۆیان شی بکەینەوە کە ئەم پێشێلکارییانە چۆنن و بە چ شێوەیەک، کە لە ڕەهەندی سیاسییەوە بە مانای ئەوەیە کە سیاسەتێکی سیستماتیکە دژ بە نەتەوەی کورد، لە ڕەهەندی ئەو ئامارانەی کە لە بەردەستدایە بیخەینە ڕوو و بڵێین کە ئەمە ئامارەکانە و ئەو قسانەی کە دەیکەین ڕاستن و لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە بوونی هەیە و هەروەها نموونەگەلێک بخەینە بەردەستیان و ئەم نموونانە لە ئێستادا لە بەرچاو، ڕوونن. بۆیە ئێمە لە سەرەتاوە هەوڵ دەدەین کە ئەمە بکەینە ئامانج، چونکە ئەگەر ببێتە ئامانج ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ بەشەکانی دیکە بە تایبەت بەشی کردە دەرەکییەکانی یەکیەتیی ئورووپا کە پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاوە و ئەوان لە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و لەهەمان کاتدا ئەو ڕێکخراوانەی کە بە دەوری ئەوانەوەن بتوانن دەنگدانەوەیەکی کاریگەری لێ پێک بهێنن. بە گشتی بە ئامانج کردنی ئەمانە لەم بوارەدا، بتوانین دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرجەستە بکەینەوە چونکە لە ئێستادا تەنیا بابەتێک دەتواندرێت کاری لەسەر بکرێت ئەوەیە کە تیشک بخرێتە سەر مافی مرۆڤ، چونکە سیاسەتی ئورووپا بە نیسبەت ڕێژیمی ئێرانەوە سیاسەتێکی کۆنەپارێزانەیە و باوەڕیان بە دیالۆگی ڕەخنەگرانەوە هەر ماوە. بۆیە ئێمە لەم ڕەهەندەوە دەچینە نێو ئەم بابەتەوە و پرسی کورد لەم دەروازەیەوە بە ڕوویان دەکەینەوە و ئاشنایان دەکەین و بەردەوام و لەم پەیوەندیانەوە هەتا دەگاتە ئاکامێکی کردەوەییانە، وەکوو بڕیارنامەیەک یان گوێگرتن لە کەیسەکان لە کۆمیسیونی مافی مرۆڤ بێت و دەیان نموونەی دیکە کە دەتوانرێت بەپێی زەمەنییەوە کاری لەسەر بکرێت

## ئەم بابەتانە تا چەندە سەرنجی ئەم کەسایەتییە سیاسییانەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؟

کاتێک دەتوانین بڵێین سەرنجی ئەوانمان ڕاکێشاوە کە بە شێوەی کردەیی کارێک ئەنجام بدەن، بۆ نموونە ئێمە سەرەتا هەوڵ دەدەین کە ڕایانبکێشین بۆ نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەوێ بە تویت کردن جۆرێ بەرپرسیارەتی بۆخۆیان دروست کەن کە ئەم تویتانە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی ئەوە دەکەن کە لە بابەتەکە تێگەیشتوون و زانیویانە کە زانیارییەکان ڕاستن و باوەڕیان بەو ڕاپۆرت و شیکردنەوانە هەیە کە لە لایەن ئێمەوە پێیان دەرێت. لە ڕاستیدا بەم شێوەیە دەیسەلمێنن کە هەنگاویان هەڵێناوە و لەم ڕێگاوە دەتوانین بڵێین کە سەرنجیان ڕاکێشراوە. دووهەمین هەنگاو ئەوەیە کە کارێکی گەورەتر بکەن بەو مانایە کە کەیسەکە بنێرن بۆ کۆمیسیونی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا و لەوێ بخرێتە بەرباس وەکوو ئەم نمونانەی کە لەهەمبەر ئێراندا دەخرێتە بەرباس وەکوو پرسی ژینگە یان «نەسرینی ستودە» و مافی مرۆڤ کە بڕیارنامەی جۆراجۆری بۆ دەردەکرێت. هەنگاوی سێهەم ئەوەیە کە لە سەر پرسی کورد جەخت بکەن کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ساڵی ڕابردوو ناوی کوردیان هێنا کە ئەمە لە نەوعی خۆیدا شتێکی نوێ بوو، بەم مانایە کە وەکوو ناسنامەیەک ناوی کوردیان هێناوە، پێشتر تەنیا داوایان لە ئێران کردووە کە مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەبەرچاو بگرن بە بێ ئەوەی کە ناویان بهێنن، بەڵام کاتێک کە ناو دێنن بەو مانایەیە کە دانیان بەوە داناوە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. کاتێک کە بە زمان ناوی لێ دەبەن و لە بڕیارنامەیەکدا دەینووسن، دەتوانین بڵێین کە سەرنجیانمان ڕاکێشاوە. بەگشتی سەرنجڕاکێشیی ئەوان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە تا چەندە دەتوانین بەردەوام بین و زانیارییەکانمان تا چەندە ڕاستە و داوایان لێبکەین کە بە شێوەی کردەیی و پراکتیکی هەنگاو هەڵێنن. ئەوەیکە تا ئێستا ئێمە ئەنجامان داوە بە پێی ئەو دیدارانە و ئەو کەسانە کاردانەوەیان هەبووە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان سەرنجیان بەم بابەتە داوە و وەکوو بابەتێکی گرینگ وەریان گرتووە و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەم ماوەیە کە لە پارلمانن بە چ شێوەک هاوکار بن و ئەم بابەتە بەرجەستە بکەنەوە.

## ئەوان بە چ شێوازێک دەتوانن ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵات بورووژێننەوە و گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئێران؟

کارتێک کە ئورووپا لە بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لەبەر دەستیدایە ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی وەکوو ئامریکا نییە لەگەڵ ئێران، کەوابوو کۆمەڵێک پرس هەیە کە دەبێ لەبەر چاوی بگیرێ، ئەم پرسانە یەکێکیان پرسی مافی مرۆڤە. جا ئەوەیکە ئەوان تا چەندە لە بابەتە و لەم پرسە پێداگر بن پەیوەندی بە سیاسەتی ئورووپا بەرامبەر بە ئێرانەوە هەیە. ئەگەر بە نیسبەت مافی مرۆڤەوە جۆرێک لە یەکدەنگی و یەکگرتوویی و هێرشێکی یەکگرتووانەوە هەبێت چ نیسبەت بە ئێرانییەکان و چ نیسبەت بە کوردەکان ئەو کات ئەوان پاڵپشتییەکی گەورەیان دەبێت بۆ ئەوەی کە گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئێرانەوە. گوشار خستنە سەر ئێران بەم مانایە کە جیا لە دەرکردنی بڕیارنامەکان، بەشێوەی کردەیی گەمارۆ بخرێتە سەر ئەوانەی کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن کە چەندین نمونەیان ئەنجام داوە کە تا ئێستا بە جیددی نەهاتوونەتە پێشەوە. بۆیە گوشار خستنە سەر ڕێژیمی ئێران بژاردە کۆتاییەکەیە کە ئێمە دەبێت پێی بگەین. لە چوارچێوەی گەمارۆ خستنە سەر ئەوانەی کە پێشێلکاری مافی مرۆڤن و ئەمە تەنیا نابێت لە مەسەلەی ئێرانییەکاندا بێت بەڵکوو دەبێت لە مەسەلەی کوردستانیشدا بێت بەو مانایە کە ئەم گوشارانە ڕووبەڕووی کوردستانیش ببێتەوە کەسانێک لە کوردستاندا هەن کە بە شێوەی سیستماتیک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەکەن و ئەوانیش ناویان بێتە ئەم ڕیزەوە و گەمارۆیان بخرێتە سەر. لە ڕاستیدا ئەم گوشار خستنە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کارێکی پرۆسەییە تا دەگاتە ئاستێک کە ئورووپا بە تایبەت کۆمیسیونی سیاسەتی دەرەوەی ئورووپا بەو ئاکامە بگات کە ئەوانەی کە پێشێلکاری مافی مرۆڤن، تا کەیسەکان، داتاکان، پەیوەندییەکان و بەردەوام بوون لەم بوارەدا بوونی هەبێت لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوشارەکان زەق بکرێنەوە؛ ئەگەر ئەمە لە چوارچێوەی ئورووپادا ڕوودات دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی ئورووپا لە دیالۆگی ڕەخنەگرانەوە دێتە دەرەوە و دەبێتە جۆرێک لە ئەمرکردن و دەستووردان بەم مەسەلەیە.

## جەنابت تا چەندە خۆشبینی کە ئەم کەسایەتییانە بتوانن هەنگاوێکی جیددی لەم بوارانەدا هەڵبگرن؟

تەبیعەتەن کاری سیاسی بە گەشبینییەوە دەکرێت؛ ئەوەیکە هەتا گەشبین نەبی ناتوانی هیچ هەنگاوێک هەڵبگری و کاری سیاسی ئەوە نییە کە حووکمێکی قەتعی لە پشت بێت. گەشبینییەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە چەندە لە سەر ئەم مەسەلەیە پێداگر، بەردەوام و چەندە کاری ڕێکخراوەیی بە نیسبەت ئەم بابەتانەوە کە پێویستمانە لە چوارچێوەی پارلمانی ئورووپا و یەکیەتی ئورووپاوە بەرجەستەی بکەینەوە. بۆیە جیا لەوەی کە پەیوەندییەکانی ئورووپا بە نیسبەتی کۆماری ئیسلامی پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە، بەڵام لە ئاستی خوارەوە کە دێتە کایەوە ئەم کەسانەش هەمووی سیاسەتگوزارن و کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەیە و ئەگەر ئێمە بتوانین سەرنجیان بۆ لای خۆمان ڕابکێشین تەبیعەتەن گەشبینییەکەمان وڵام دەداتەوە، بەگشتی ئێمە تا ئەمڕۆ لانیکەم تا ساڵێک بە شێوەی بەردەوام لە پێوەندیداین ئاکامێکی خراپمان لێوەرنەگرتووە و کاری سیاسی و پەیوەندییەکان کارێکی پرۆسەییە و پێویستی بە کات و بەردەوام بوون هەیە .

## لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئێران، ئەم ڕێژیمە سەدان جار بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تۆمەتبار کراوە، ئایا تا ئێستا گوشارێکی کاریگەر خراوەتە سەر ڕێژیمی ئێران؟

ئەوەی کە تا ئێستا گوشاری کاریگەری خراوەتە سەر، لە لایەن ئامریکاوە بەرچاوە و کاریگەرە، بەڵام لە لایەن ئورووپاوە بەم ڕادەیە بەرچاو و دیار نین بە جۆرێک کە حووکمدانی ئورووپاییەکانی بەنیسبەت ئێرانەوە پێوە دیار نییە. بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا دەمێنێتەوە کە ڕوانگەی کەلامی ئورووپاییەکان بە نیسبەتی سیاسەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران گۆڕانی بەسەردا بێت، بە نیسبەتی ئەم بابەتەوە مرۆڤ نابێت زۆر دڵخۆش بێت چوونکە لە ئێستادا جۆرێک ئاڵۆزی هەیە لە نێوان پێناسە کردن و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لەهەمان کاتدا جۆری سیاسەتەکانی یەکیەتی ئورووپا بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سەرچاوە لە کۆمەڵێک ترس دەگرێت لەوانەش بابەتی پەنابەران و مادده هۆشبەرەکان و مەسایلی ڕادیکالیزم لە ناوچەکەدا. ئورووپاییەکان نایانهەوێت بە نیسبەت کۆماری ئیسلامییەوە توند بن بۆیە هەتا ئێستا ئەو گوشارانەی کە لەلایەن ئەوانەوە خراوەتە سەر ئێران لە ئاستی پێشنیار و ڕاسپاردندا بووە هەتا ئەوەی حاڵەتێکی ئەمری و ناچارکردنی پێوە دیار بێت و لەم بوارەدا لە هەنگاوە سەرەتاییەکاندان، بەڵام بۆ ئێمە گرینگە ئەم پرسە بەرجەستە ببێتەوە و ببێتە ئاستێک کە ببیندرێت و پارلمانتارانی ئورووپا ئاشنا بن بەوەی کە پرسێک هەیە بە ناوی پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، وە ئەمە دەتوانێت دەروازەیەکی باش بێت. بەڵام بەنیسبەتی ئەوەیکە سیاسەتی یەکیەتی ئورووپا سیاسەتێکی ڕادیکاڵ خۆیەوە ببینێ هێشتا زو وە بێتە ئاراوە.

## سەرەڕای ئەوەیکە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای جیهانی ئەم پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ مەحکووم دەکەن و هۆشداری بە ڕێژیمی ئێران دەدەن، ڕێژیم تا چەندە گرینگیی بەم هۆشدارییانە دەدات؟

دیارە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئورووپای وەکوو دوژمن دیاری نەکردووە لە هەمان کاتیشدا ئورووپاییەکانیش کۆماری ئیسلامییان وەکوو دوژمن نەناساندووە و مانا سیاسییەکەی ئەوەیە کە پەیوەندییەک هەیە و ئەگەری کاریگەری لەسەر ئەم بابەتە هەیە و جۆری پەیوەندییەکان دەتوانێت ئەم کاریگەرییانە ساز بکات، بەڵام خاڵە لاوازەکە لای ئێمەیە چوونکە کوماری ئیسلامی توانیویەتی بابەتەکانی خۆیان بەرجەستە بکەنەوە و ئێمە نەمانتوانیوە و تازە پەیوەندییەکانمان زیندوو دەبێتەوە و ئەوەیکە ئەوان یەک یان دوو هەنگاو لە ئێمە لە پێشترن تەبیعەتەن دیارە کە بە شێوەیەک کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە، بەڵام ئەم کەیسانەی کە لەسەر ئێران هەیە لە زمانی ئورووپاییەکانیش کە بەردەوام باسی دەکرێت، بۆیە ئەم هۆشدارییانە کە گرینگی پێ دەدرێت پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تا چەندە گوشار و پاڵنەری ئەم پرسە بگاتە ئاستێک کە ئورووپاییەکان ناچار بن ڕووبەڕووی پرسێکی ئەخلاقی و سیاسی و ئەمنیەتی ببنەوە بەم مانایە کە بۆ نمونە ئەوەی کە لە سووریە ڕووی دا لە ئاکامی پشت گوێ خستنی مافی مرۆڤ بوو لەم وڵاتەدا کە ئەم تاوانەی ئەمڕۆ لێکەوتووەتەوە. ئەگەر بتوانرێت ئەم بابەتە بۆ ئورووپاییەکان شی بکرێتەوە بە پشت گوێ خستنی ئێوە حاڵەتێکی لەم چەشنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ساز دەکەن تەبیعەتەن بۆیان مەنێقی دەبێتەوە کە زۆرتر گوشار بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بێنن و هۆشدارییەکان بە جیدی وەردەگرێت. بەڵام لەئێستادا ئەم هۆشدارییانە لە ڕاستیدا بە جیددی وەرنەگیراوە هەر وەک کە پێشتر وتم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سیاسەتی گەورەی ئورووپا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە کە زۆرتر زەخت بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەم هۆشدارییانە ناوی ئێمە، کەیسەکان و بابەتەکانی ئێمەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تێدا بێت. ئەو کاتە یەکێک لە بابەتەکان دەبێت وەک چۆن پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکوور و باشوور لە زمانی سیاسییەکانی ئورووپا و ئەوانی دیکەدایە ئەم بابەتانەی ئێمەش پەیوەندی بەوە هەیە بۆیە وەختێک هۆشدارییەک بدەن بە نیسبەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک کە ڕوانگەیەکی تری بەنیسبەت پرسەکان لە ئێراندا هەیە. بە گشتی کۆماری ئیسلامی ئەم هۆشدارییانە بە جیددی وەرناگرێت لە ئەساسدا کێشەیان لەگەڵ ئەو بابەتە هەیە. بەڵام دەمێنێتەوە کە ئایا چارەنووسێکی وەکوو سەدام هەڵدەبژێرن کە هەمووشتێک وە پشت گوێ بخەن یان چارەنووسی وڵاتانی دیکە هەڵدەبژێرن کە ناچار بوونە کە پرسی مافی مرۆڤ، دێموکراسی و ئازادی و... لە بەرچاو بگرن. بە گشتی دەمەوێت بڵێم کە هەنگاوەکانی ئێمە پەیوەستە بە پرسی مافی مرۆڤییەوە و هیوادارم ئەم هۆشدارییانە پرسی ئێمەش لەخۆبگرێت تا ئەوەیکە بتوانین لە قۆناغی دواتردا چ بکەین.

**بۆیە گوشار خستنە سەر ڕێژیمی ئێران بژاردە کۆتاییەکەیە کە ئێمە دەبێت پێی بگەین. لە چوارچێوەی گەمارۆ خستنە سەر ئەوانەی کە پێشێلکاری مافی مرۆڤن و ئەمە تەنیا نابێت لە مەسەلەی ئێرانییەکاندا بێت بەڵکوو دەبێت لە مەسەلەی کوردستانیشدا بێت بەو مانایە کە ئەم گوشارانە ڕووبەڕووی کوردستانیش ببێتەوە کەسانێک لە کوردستاندا هەن کە بە شێوەی سیستماتیک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەکەن و ئەوانیش ناویان بێتە ئەم ڕیزەوە و گەمارۆیان بخرێتە سەر**

# ئێمپرسیۆنیزم (تێگەیشتنی کاتی) و ڕەوتی ڕێئالیستی لە هونەر و وێژەدا

جەماڵ فەتحی

ئێمپرسیۆنیزم (تێگەیشتنی کاتی) لە وشەی (Imperssion) وەرگیراوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زایینی لە هونەری نیگارکێشییەوە سەری هەڵداوە. ئەم ڕەوتە هونەرییە کە ئێستەش درێژەی هەیە بەپێچەوانەی ڕێئالیزم کە دەیهەوێت جەوهەری ڕاستییەکان بدرکێنێت بە دوای ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکان لە زەیندا بژوێنێتەوە. نیگارکێشەکان کە ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە لفە و دووانەی ڕاستییەکانیان بە دەست هێناوە، زۆربە بە وەرگرتنی پرێسپکتیڤ (وردبینی) ڕاستەوخۆ لە ڕواڵەتی بابەتی نیگارەکانیان دەیانڕوانی و بە کێشانی هێڵی دەرەکیی شتە چەندڕەهەندییەکان و خەستکردنی ڕەنگەکان هەوڵیان دەدا هەتاکوو بۆ بینەران دیمەنەکانیان خەیاڵاویتر بکەن.

ڕوانین لە نیگاری ڕێئالیستەکان ئەو هەستە بە بینەر دەدات کە تەنیا چاو لە وێنەیەکی پەتی دەکات، وێنەیەک کە بەبێ ئەوەی هیچ بۆچوونێکی تایبەت هاتبێتە نێوەڕۆکییەوە و تەنیا بەشێک لە ڕاستییەکان دەدرکێنێت، لە کێشانی نیگارێکی ڕێئالیستی تا ڕادەیەک بە بەشی ڕواڵەتیی شتەکان گرنگی دەدرێت، کە وا هەست دەکرێت وێنەیەکە کە کامێرا گرتوویەتی نەک دیمەن و بەرهەمی دەست و پەنجەی نیگارکێشێک.

هاتنی کامێرا لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەوتی ڕێئالیزم لە ئورووپادا هاوکات بوو، نیگارکێشانی ڕێئالیزمی لە کاتی کێشانی دیمەنێک بە وردبینییەکی زۆرەوە قەڵەمیان دەجووڵاندەوە هەتا ئەو شتەی کە دەیکێشن هەر ئەوە بێت کە دەیبینن بۆیە ئەم نیگارانە لە ڕۆمانە ڕێئالیستییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەچن، ڕۆماننووسێک وەک «چارلزدیکێنز» شوێن و کەسایەتییەکانی بەشێوەیەک دەنووسێتەوە کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ ئەو شوێن و کەسایەتییانە وەک وێنەیەک لە بەرچاوی خۆی وێنا بکات.

ڕێئالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تەواوی دیمەن و مرۆڤەکان لە ڕوانگەی بینەران یەکێکن و ئابژەیەک (بابەت) لە زەینە جۆراوجۆرەکاندا بە شێوازێکی هاوچەشن دەڕازێتەوە.

ڕێڕەوانی ئەم ڕەوتە بە ڕادەیەک گرنگییان بە بەشی جۆراوجۆریی بابەتەکان دەدا کە مارتینو نیگارکێشی بریتانیایی دیمەنی «دوایین ڕۆژەکان لە تەلاری کۆن»ـی بە ١٠ ساڵ (١٨٥٢-١٨٦٢) کێشاوە.

ئێمپرسیۆنیزمەکان بەپێچەوانەی ڕێئالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بابەتێک لە زەیندا بە شێوەگەلێکی جیاواز و جۆراوجۆر خۆی دەردەخات، لە کاتی سەیرکردنی دیمەنێک، ڕەهەندە تایبەتەکانی ئەو دیمەنە بۆ کەسێک سەرنجڕاکێشە و بۆ کەسێکی دیکە دەکەوێتە پەراوێزەوە و چێژوەرگرتنی لە بابەتەکان ئاکامی بیرکردنەوە، کەشوهەوا و هەستی بینەرە، لە بەر ئەوەی خۆشەویستی و زەینی مرۆڤ هەمیشەیی نییە و لە حاڵی گۆڕاندایە.

پێدەچێت لە یەک دیمەن لە قۆناغە جیاوازەکاندا چێژی جۆراوجۆر وەربگیردرێت، بینەرێ کە لە دیمەنێک بە چەندین ڕوانگەوە دەڕوانێت لە هەمبەریدا هەست و کاریگەریی جیاوازیشی دەبێت. هەروەها کە کامێرا یارمەتیدەری ڕەوتی ڕێئالیزم بوو، زانستی فیزیکیش لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە بیچمگرتنی بناغەی ئێمپرسیۆنیزم سوودمەند و کاریگەر بوو.

یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە ئێمپرسیۆنیزمەکان هۆگری بوون ئەوە بوو کاتێک ڕووناکی تیشکی دەخستە سەر دیمەنێک ،بەپێی ڕادەی تیرێژەکەی جیاواز خۆی دەنواند، جووڵەی ڕووناکایی لەسەر شتێک بەدیهێنەری چێژی جۆراوجۆر بوو و نیگارکێش دەبێت بە ئاوێتەکردنی ڕەنگەکان ئەم دەرئەنجامە بگۆڕانە بگوازێتەوە زەینی بینەر.

لە چیرۆکی ڕێئالیستیدا بێژەری چیرۆکەکە، کەسێکە کە هەموو شتێک دەزانێت و نووسەری چیرۆک کە سێهەمین کەسایەتی داستانەکەیە بە تێڕوانینێکی بەربڵاو و باوەڕپێکراو کارەساتەکان، شوێنەکان و ڕواڵەتی کەسایەتییەکان دەنووسێت و گێڕانەوەکەی بنەتا و باوەڕدارە، وەک نووسراوەکانی غوڵامحوسێن ساعدی و مەحموودی دەوڵەتئابادی.

لە زۆربەی چیرۆکی ئێمپرسیۆنیزمەکاندا ڕوانگە و بیرۆکەی نووسەر و چێژگرتنی لە دەوروبەر خۆ دەنوێنن.

نووسین لە ئێمپرسیونیزمدا ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی نووسەرە هەتا درکاندنی ڕاستییەکان.

یەکێک لە ڕێبازەکانی نووسین لەم ڕەوتە پێداهەڵگوتن لە سەر خوازە (ئیستعارە) شوێنییەکانە.

پێداهەڵگوتنی ئیمپرسیۆنیستیی لە چیرۆکی کورتدا کە جۆرێک لە کورتبێژییە بەتەواوی هاوشێوەن، بەڵام لە ڕۆمانەکەیدا دەکرێت وەک ئامرازێکی کارامە بۆ لەبەرچاوگرتنی هەستێکی دیاریکراو وێنا بکرێت.

لانیکەم دوو دەیە لە سەرهەڵدانی ئیمپرسیۆنیزم لە نیگارکێشیدا تێپەڕی بوو و ئەم شێوە پێداهەڵگوتنە لە ڕۆمانە مودێرنەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەڵکی لێوەرگیرا، کە نموونەی بەرچاوی ئەم شێوازە «گتسبی مەزن» نووسراوەی خاوەن شێوازی ئامریکایی «ئێسکات فیتزجراڵدە» و لە نێو کوردیشدا دەکرێت ئاماژە بە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بکرێت کە دەرخەری ڕاستییە شاراوەکانە بە زمانێکی خوازەییەوە.

ڕێئالیزم هەوڵ دەدات بەشێک لە ڕواڵەتی ڕاستییەکان بخاتە پێش چاوی بینەر، بەڵام ئێمپرسیۆنیزم دەیهەوێت ئەو بەشە شاراوەیە کە لە ڕاستییەکاندا هەیە ئاشکرا بکات و بێگومان ڕاهێنانێکە بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندی نادیاری ڕاستییەکانی دەوروبەرمان.

# جەلالی مەلەکشا، خەمهەڵگری کوردۆ



ڕۆژهەڵات

جەلالی مەلەکشا، شاعیر و نووسەری مەزنی کورد، لە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٣٠ی کۆچیی هەتاویدا لە گوندی مەلەکشانی سەر بە شاری سنە لە دایک بووە. خوێندنی بنەڕەتی تا دواناوەندیی لە شاری سنە کۆتایی پێ دێنێت و چیتر درێژە بە خوێندن نادات و خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆمە. مەلەکشا هەر لە منداڵییەوە لەژێر کاریگەریی کەشی ماڵەوەدا کە هەمیشە یاگەی پەرتووک و پەرتووکخوێنان بووە، خولیای شێعر و وێژەی هەبووە و لە مێرمنداڵییەوە دەستی بە نووسین و هۆنینەوە کردووە، مەلەکشا شێعرهۆنینەوەی بە زمانی فارسی دەست پێ کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا نووسین و هۆنراوەکانی بڵاو کردووەتەوە، قەڵەمی مەلەکشای تازەلاو هێندە بەپێز و بەهێز و پاراو دەبێت کە بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی چاپکراوی هەبێت لە یەکەم دەرفەتدا داواکارییەکەی لەسەر بوون بە ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران» وەردەگیرێت و ئەمەش دەرفەت و هەلێکی زێڕین دەبێت کە مەلەکشای تەمەن حەڤدە ساڵ لەگەڵ نووسەران و شاعیران و وەرگێڕانی ناوداری ئێرانی کاتدا وەکوو مێهدی ئەخەوانی سالس، ئەحمەدی شاملوو، جەلالی ئالی ئەحمەد، مەحموود ئیعتیمادزادە، هووشەنگ گوڵشیری و... وێک کەوێت، شایانی باسە کە ئەو سەردەمە تەنیا دوو کەسی کورد ئەندامی کانوونی ناوبراو بوونە، جەلالی مەلەکشا و عومەری فارووقی کە خەڵکی سەقزە.

مەلەکشا تا پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بە کوردی و فارسی دەنووسێت و دەهۆنێتەوە و کاری پرۆفیشناڵی بە نووسینی فارسی و کارکردن لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارە عەجەمییەکاندا وەک کەیهان و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە دەست پێ دەکات، پاش شۆڕش، فارسی بەلاوە دەنێت و یەکسەر لە دەریای ئەدەب و وێژەی کوردیدا نوقم دەبێت و پاشان لەگەڵ مامۆستا هێمن و ئەحمەدی قازی و مارفی ئاغایی و چەند خاوەنقەڵەمی کوردی دیکە لە گۆڤاری سرووەدا بۆ ماوەی پازدە ساڵ چالاکی دەکات کە لەو سەردەمەدا گۆڤاری سروە ڕۆڵێکی زۆر بەرز و گرینگی لە دنیای وێژە و زمانی کوردیدا هەبوو، پاشان لە حەفتاکاندا لەگەڵ ڕۆژنامەی جامی جەم و بۆ لاپەڕەکانی تایبەت بە پارێزگای ورمێ هاوکاری دەکات و تا چل ژمارەی ئەو ژمارەیە لە چاپ دەدرێت، بەڵام پاش ماوەیەک بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە ڕادەگیرێت.

مەلەکشا هەروەها لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و حەوتوونامەی دیکەدا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری کردووە. کاتێک لە وتووێژێکدا پرسیار لە مەلەکشا دەکەن کە ئێستا خۆی لە چ قۆناغێکی ئەدەبیدا دەبینێتەوە دەڵێت: «وەکوو خۆم پێم وایە ئەو تایبەتمەندییانەی کە لاوێتی و هەست و بیری ئەو قۆناغەی تەمەن هەیەتی و لە بەرهەمەکانی ئەدیبێکدا ڕەنگ دەداتەوە لە ئێستادا لای من گەیشتووەتە دوایین مەنزڵی خۆی و کۆتایی هاتووە. لە ئێستادا بە بیرێکی زۆر قووڵترەوە دەنووسم. دنیایەکی نوێترم بە دەست هێناوە. لەم دنیا نوێیەدا ڕووم لە فەلسەفە کردووە، بیرم زیاتر بەرەو واتای مەرگ و ژیانە و ڕەنگە ئەمەش بە هۆی تەمەن و نەخۆشییەوە بێت. هەڵبەت شۆڕش و خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لە پێناو یەکسانی و ئازادیم لە بیر نەکردووە و لە بەرهەمەکاندا وەکوو خۆی ماوەتەوە و ڕەنگە ڕواڵەتی گۆڕابێت، لەم ڕووەوە منداڵی دەروونی جەلال وەکوو خۆی ماوەتەوە و هێشتاکە گەورە نەبووە و پێشم خۆش نییە گەورە بێت.

لەو بوارانەی کە ئاماژەم پێ کرد لە هەمان تەمەنی گەنجێتیدا دەژیم و ئەو بیر و باوەڕانە قەت ناکەونە بەر کاریگەرییەکانی بەساڵاچوویی و پیری، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆک و ئینسیجامی شێعرەوە بەرهەمەکانم پتەوتر، قووڵتر و واتادارتر بووە.» مەلەکشا خاوەنی سێ پەرتووکی لەچاپدراوە، کە شێعرەکانی تا ئەمڕۆکە بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و... وەرگێڕدراونەتەوە. مەلەکشا لەو مرۆڤەمەزنانەیە کە قەت ڕێگەی نەداوە قەڵەمەکەی بفرۆشرێت یاخود لە دۆخی خۆش و ناخۆشی کوردستان، چ بە هاندانی کورد بۆ نیشتمانپەروەری و چ بۆ ئیدانەکردنی تاڵان و دەستدرێژی و قەڵغانەکانی دەسەڵاتی بێگانە لە خاکی کوردستاندا بنوێت، ئەو قەت قەڵەمەکەی وەک سەرچاوەیەکی داهات و پلە و پێگەی فەرمی دانەناوە جگە لە ڕێز و حورمەت و خۆشەویستیی خەڵکی نیشتمانپەروەر. بەناوبانگترین شێعری مەلەکشا شیعری «دارەپیرە»یە کە باس لە چارەنووسی نیشتمانفرۆشان و نیشتمان دەکات، کاتێک نیشتمانفرۆشێک نیشتمان دەفرۆشێت و پشت لە نیشتمانی دایک دەکات، کەس نایەوێت، تەنانەت ئاغاکەشی، بەڵام نیشتمان، ئەو دارەی کە بە هەر تەورێک ببڕیت دیسان شین دەبێتەوە و دەڕوێتەوە؛ هەروەها شێعری «تا لووتکە چەندی ماوە؟» کە پرسیارێکی فەلسەفییە و چیرۆکی ژیانی سیزێڤ، ئیلاهەیەکی یۆنانی کۆنە کە ڕەنجێکی هەتاییی لە ئەستۆ دەبێت و «تا لووتکە چەندی ماوە؟» پرسیارێکە لە کۆتاییهاتنی ئەو ڕەنجەهەتاییە.

مامۆستا جەلالی مەلەکشا خاوەنی سێ منداڵ بە ناوەکانی کاوە، شاهۆ و نیمایە و لە ئێستادا دانیشتووی شاری سنەیە کە بەداخەوە دۆخی تەندرووستیی جێگیر نییە.

مەلەکشا و خۆشەویستی

بێگومان سەرتاسەری شێعرەکانی مەلەکشا لەگەڵ خۆشەویستیدا ئاڵاون، خۆشەویستی بۆ نیشتمان، تەنانەت کاتێکیش کە تووڕەیی و خەمینی و ڕق و قین لە پیت و دەنگ و وشەکانی شێعرەکانی مەلەکشادا دەردەکەون، خۆشەویستییەک لە ناخی هاوار و هەڕەشە و زریان و زریکەکانیدا هەیە، خۆشەویستییەک بۆ کوردستان. وێڕای ئەمە، مەلەکشا شێعری «خۆشەیستی من!»ـی بۆ ژیانی تایبەتی و ئاشقانەی خۆی هۆنیوەتەوە کە وەک خۆی دەڵێت: « شێعری خۆشەویستی من بەرهەمی تراژیدیایەکی ئاشقانەی ژیانی خۆمە.»

نموونەی شێعری مەلەکشا:

بەرائەت
مامە کوردۆ
یەک نەفەر بوو!
بەڵام ڕەنجبەری چوار ئاغا!
وەکوو چوار کەس
تەنیا یەک لە ئاغاکانی
سەد و هەشتا و یەکجاران
لە سێدارەی هەڵکێشابوو
ئەوەندە جاریان کوشتبوو!
عەرزم کردی بێ فریادڕەس؛
بە ئەمری خوا ئەجەل هات
و تەنگی لە ئاغا هەڵچنی؛
ئاغا مرد و مامە کوردۆ
کردی بە شایی و شایلۆغان!
ئەوسا وتی گەلی دۆست و برادەران
ئێستا وەرن تەماشاکەن
لە دیوانی عەداڵەتی خوداوەندی
چی لێ دەکەن!
کە ئاغا لە دیوانی بەرزی خودا
ئەهاتە خوار
بەڵگەی بەرائەتی پێ بوو
پێ ئەکەنی و ڕایەشەکاند
بەرەو باخی ئیرەم ئەچوو!

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 761 · 6 November 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.
# ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا



## دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی شەممە، ٢٠ی ڕەزبەر، هێزە ڕۆژی سێشەممە، ٣٠ی ڕەزبەر، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «سامان مەلەکی» کوڕی «کەماڵ»، خەڵکی سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە، ٤ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەسەن هاشمی»، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی «ئیسماعیل»، خەڵکی کرماشان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

لاوێکی کورد بە ناوی «هیوا حوسێنی»، تەمەن ٢٧ ساڵ، کوڕی «عەزیز»، خەڵکی شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.

شەوی ٥ی خەزەڵوەر، «سەعید شێرزاد»، زیندانیی سیاسی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، کە لە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەر بۆ یەکەم جار هاتبووە مەرەخەسی، دووبارە دەسبەسەر کرایەوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی خەزەڵوەر، سێ هاووڵاتی بە ناوەکانی «ئەبووبەکر شەجیعی» باوک، «نەرمین» هاوژین و «نیان شەجیعی» کچ، لە لایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کراون.

هێزە ئیتلاعاتییەکان چالاکێکی ژینگەپارێزییان بە ناوی «سەباح ڕەونەقی» دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستووە. ناوبراو ئەندامی ئەنجومەنی «پاکۆ»ی شاری سەولاوایە.

## بانگهێشت کردن بۆ ئیتلاعات:

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی ڕەزبەر، «ئارام فەتحی»، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری مەریوان، لە لایەن پۆلیس فەتاوە بانگهێشت کرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٧ی خەزەڵوەر، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان، هاووڵاتییەکی بە ناوی «سابیر»، تەمەن ٣٥ ساڵ، خەڵکی گوندی «میرئاوا»ی ئەو شارە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرد.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سابیر کارەشی»، تەمەن ٣٥ ساڵ، کوڕی «کەریم»، خەڵکی گوندی «میرئاوا»ی شاری بۆکان، پاش ٤٨ کاتژمێر لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، ئازاد کرا.

## مانگرتن و بێبەری لە مافی مورەخەسی زیندانییان، لێدانی زیندانیی:

ڕۆژی سێشەممە، ٣٠ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد ئەمین (هێدی) خزری»، کوڕی «موراد»، بەهۆی ئەوەی کە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ لێی دراوە، بۆ نەخۆشخانە ڕاگوێزراوە.

دادوەر «شاهگڵدی» بەرپرسی لقی دووی لێکۆڵینەوەی دادگای ئینقلابی شاری سنە لەگەڵ ئازادی کاتیی «زارا محەممەدی» مامۆستای زمانی کوردی و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی . کۆمەڵایەتیی «نۆژین» دژایەتی کرد. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بۆ ئازادکردنی «زارا محەممەدی» وەسیقەی ٧٠٠ میلیۆن تمەنییان داوا کردبوو و بنەماڵەی محەممەدی ئەو وەسیقە دیاری کراوەیان دابین کردبوو، بەڵام بەرپرسی لقی دووی لێکۆڵینەوەی دادگای ئینقلابی شاری سنە، لە وەرگرتنی ئەو وەسیقەیە خۆی دەبوێرێ.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلام مەردانی»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی «خالید»، خەڵکی گوندی «سەوجە»ی شاری شنۆ، لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێدا، چارەنووسی نادیارە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، تۆمەتی وەپاڵدراوی ئەو هاووڵاتییە کوردە «ئەمنییەتی»یە و هەتا ئێستا کۆبوونەوەی پێڕاگەیاندنی تاوانەکەی بەڕێوەنەچووە.

## مەحکووم کردن هاووڵاتییان بە زیندان و ڕاگواستن بۆ زیندان:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لاوێکی کورد بە ناوی «جەلال سوورمان»، خەڵکی ناوچەی «تەرگەوەڕ»ی ورمێ، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کراوە. دادگای ئینقلابی ورمێ، ئەم لاوەی بە «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران»، تۆمەتبار کردووە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەید ڕەزا ئەحمەدی»، کوڕی «سەید عەلی»، خەڵکی گوندی «ترکەش»، سەر بە شاری پیرانشار، پاش تەواوبوونی لێپرسینەوەکەی، بۆ زیندانی شاری نەغەدە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «یاسر نووری»، خەڵکی جوانڕۆ، بۆ تێپەڕاندنی چوار مانگ زیندانیی تەعزیری، بۆ زیندانی دیزڵ ئاوای کرماشان ڕاگوێزرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٣٠ی ڕەزبەر، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی: «هێمن محەممەدیان، پووریا ناسری، یادگار جەعفەری و یاسین کەریمی»، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە چوار ساڵ زیندان مەحکووم کران.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «کەیوان زارعی و ڕەزا ئیسماعیلی»، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ورمێ، هەر کامیان بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کران.

لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری خۆی، هاووڵاتییەکی ماکۆیی بە ناوی «مێهرداد عەبدوڵڵازادە»ی بە ٣٠ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرد.ئەو هاووڵاتییە، مانگی خەرمانی ئەمساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و هەنووکە لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێدایە.

دادگای ئینقلابی شاری ئیلام، «ئەحمەد شوکری» خەڵکی ئەو شارەی بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد. ئەو هاووڵاتییە کوردە، بە تۆمەتی «تێکدانی بیروڕای گشتی»، ئەو حوکمەی بە سەردا سەپاوە.

سەید «ئارام ئەمین زادە»، خەڵکی شاری بۆکان، لە دادگای پێداچوونەوەی شاری ورمێ، بە دوو تۆمەت، سەرجەم بە ١١ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا. دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، ئەو مامۆستا کوردەی بە تۆمەتی «هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی لە ڕێگای گرووپە توندڕەوەکان لە کاناڵی تێلێگرامی» بە ١٠ ساڵ و ساڵێک زیندانیی تەعزیری بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» مەحکووم کردبوو، بە پشتبەستن بە مادەی ١٣٤ی یاسای سزای ئیسلامی، دەبێ ١٠ ساڵی ئەو حوکمە جێبەجێ بکات.



ڕۆژی دووشەممە ٦ی خەزەڵوەر، چوار چالاکی ئەدەبیی کورد خەڵکی شاری بۆکان، بە ناوەکانی «ژاکا ئیسماعیل پوور، سمکۆ مەعرووفی، هومن فەیزی و شاهۆ خزری» پاش تەواو بوونی قۆناغی لێپرسینەوەکەیان لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ، بۆ زیندانی شاری بۆکان ڕاگوێزران .

چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرهاد تاری مواردی»، پاش دەسبەسەرکرانی ناڕوونە و ئەمەش نیگەرانیی بنەماڵەکەی لێکەوتووەتەوە .ئەو لاوە کوردە، ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی ڕەزبەر، لە کۆبوونەوەی پشتیوانی لە ڕۆژئاوا لە شاری سنە دەسبەسەر و هەتا ئێستا لە چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

دوو زیندانیی کورد بە ناوەکانی «جەماڵ یووسفی»، خەڵکی گوندی «موشیرئاوا» و «حوسێن ئیبراهیم حەمزە»، کوڕی «عەبدوڵڵا»، خەڵکی گوندی «قەرەگۆڵ»، سەر بە شاری بۆکان، ماوەی سێ ساڵە چارەنووسیان ناڕوونە.

«هەیبەت محەممەدی» برای «زارا محەممەدی»، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ڕایگەیاند: «چارەنووسی زارا محەممەدی زیاتر لە ٥ مانگە ناڕوونە و دۆسیەی ناوبراو لە لقی دووی لێپرسینەوەی دادگای ئینقلابی شاری سنە، لە حاڵی تاوتوێکردندایە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٩ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بەهادین عەباسزادە»، تەمەن ٣٠ ساڵ، خەڵکی



شاری بانە، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا»...

## کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «جەواد ڕۆستەم نژاد»، تەمەن ٣٣ ساڵ، کوڕی «کەریم»، خەڵکی گوندی «شمشێر»ی پاوە، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی «دەڕەی هێرات»ی شاری نەوسود، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی چوارشەممە، ١ی خەزەڵوەر، ماشینی کاسبکارێکی کورد بە ناوی «نامدار ساڵحزادە»، کوڕی حاجی «ئەمیر»، خەڵکی جوانڕۆ، لە کاتی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکان وەرگەڕا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەمیر ئەمیرزادە»، خەڵکی گوندی «بلەسەن»ی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار بوو.

کاتژمێر ٤:٣٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی خەزەڵوەر، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «محەممەد میسری»، خەڵکی گوندی «مەنسوور ئاقایی»، بەهۆی وەرگەڕانی ماشینەکەی لە جادەی «دزئاوەر»، بەسەختی بریندار بوو.

دوانێوەڕۆی ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەر، لە ملەی تەتە هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە ئەنجامی بۆسەدانان لە سەر ڕێگای کاسبکارانی کورد و تەقە لە لەو کاسبکارانەوە، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «عوسمان» بریندار دەبێت.

ڕۆژی هەینی، ١٠ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «پەیمان یووسفی»، خەڵکی گوندی «دەرمان ئاوێ»ی شاری سەردەشت، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٩ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «جەماڵ محەممەدی»، کوڕی حسەین، خەڵکی شاری بانە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی جێگیر لە پایگای «بڕوێشکانی»، بەسەختی بریندار بوو.

..

## مانگرتنی سیاسی:

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ڕەزبەر، مانگرتنی «ئیقباڵ زارعی»، زیندانیی سیاسی کورد لە گرتووخانەی شاری سەقز، بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی درێژەی هەیە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی شاری سەقز، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، گوشاری خستووەتە سەر ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە هەتاکوو کۆتایی بە مانگرتنکەی خۆی بهێنێت.

## تەقینەوەی مین:

ڕۆژی دووشەممە، ٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەرەستوو نیک بین»، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار و لاقێکی لەدەست دا. ئەو هاووڵاتییە کوردە، خەڵکی گوندی «ئیسحاق ئاوا»ی شاری سەقزە و لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات، تووشی ئەو ڕووداوە ببوو.

ڕۆژی سێشەممە، ١٤ی خەزەڵوەر، لاوێکی کورد بە ناوی «ئەشکان فەتاحی»



کوڕی «وەهبی»، خەڵکی گوندی «شووشمێ» لە بەخشی نەوسوودی سەر بە شاری پاوە، بەهۆی تەقینەوەی مینی «دژە نەفەر»، بەسەختی بریندار بوو..

## خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

ڕۆژی چوارشەممە، ١ی خەزەڵوەر، «پەرەستوو ڕەزایی»، تەمەن ١٣ ساڵ، کچی «داریووش»، خەڵکی شاری کرماشان، خۆی کوشت. دوو هاووڵاتیی خەڵکی بۆکان بە ناوەکانی «نەریمان ئەحمەدی» تەمەن ٣٧ ساڵ کوڕی حەسەن و «ئەحمەد باغچە» کوڕی عەبدوڵلا، دەستیان دایە خۆکوژی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا. ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٦ی خەزەڵوەر، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرزانە شەکرە کانی سۆهراب»، کچی «مەحیەدین»، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٩ی خەزەڵوەر، لاوێکی تەمەن ٢٧ ساڵ بە ناوی «میلاد گورکی»، کوری «ڕەحمان»، خەڵکی شاری بانە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو لاوە کوردە، بە چەکی تاپڕ خۆی کوشتووە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی هەینی ١٠ی خەزەڵوەر، ژنە هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی «زلان»ی شاری جوانڕۆ بە ناوی «ئارەزوو کەریمی»، کچی «عەلی»، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کاتژمێر ٦ی بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی مەهابادی بە ناوی «عومەر محەممەد عەلی پوور»، کوڕی «محەممەد»، تەمەن ٦٢ ساڵ، خەڵکی گوندی «ئاڵبلاغ»ی ئەو شارە، خۆی کوشت.

لە چەند ڕۆژی ڕابروودا، لاوێکی کوردی خەڵکی شاری دێولان بە ناوی «کەیوان محەممەدی»، کوڕی «عەلی ئەشرەف»، بە هۆکاری ناڕوون، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی خەزەڵوەز، ژنێکی تەمەن ٤٠ ساڵ بە ناوی «گەوهەر»، لە گەڕەکی نایسەری شاری سنە، بە هۆکاری نادیار لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، خۆی کوشت.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی دووشەممە، ١٣ی خەزەڵوەر، لاوێکی بۆکانی بە ناوی «سەید بەهادین قورەیشی ئازەر»، کوڕی «حوسێن»، لەنێو باخەکەی خۆیدا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە، ١٣ی خەزەڵوەر، مامۆستایەکی کورد بە ناوی «نەسرین حوسێن پەناهی» تەمەن ٣٧ ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی «بێعسەت»ی شاری سنە، خۆی کوشت..

**ئەم ئامار و زانیارییانە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا تۆمار کراون و ڕەنگە ڕێژەی ئامارەکان لەوانەش زیاتر بێت بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مافی مرۆیی ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییانە لە ئێراندا کارێکی ئەستەمە.**